ئەستیاگ دوا پادشای مادەکان زوحاکی ماربەشانی نەورێز نییە... ەسوێ بێسکێنی

تیبینی:
ئەم باباتە بە دووبارە بڵاودەکرێنەوە لەسەر داوای نووسەر.

لێرە دەمانەوێ لەبارەی جێژنی نەورۆزەوە بدوێین، بەداخەوە هەموو ساڵێك لەگەڵ نزیك بوونەوەی جێژنی نەورۆز هەندێك لە نووسەرانی هاوزمانی خۆمان، بەتایبەت وتاربێژ و بانگخوازە ئیسلامیەکان پێچەوانەی پێوست لە جێژنی نەورۆز دەدوێن و نەورۆز لەگەڵی کورد دەستێننەوە و دەیدەن بەگەلانی نەیار و دژ بەکورد، بەشێوەیەك هەست و سۆزی کورد دەجوڵێنن، گوایە نەورۆز جێژنی مەجوسانە، دژی دینە و یادکردنەوەی ئاگرپەستیە و پێویست ناکا کورد ئەو یادە بکاتەوە.
جێژنی نەورۆز جێژنکی کۆنی کوردە و دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە چوار هەزار ساڵ لەمەوبەر، سەرەڕای ڕاستەقینەیی لە هەندێك بابەتدا تێکەڵ بە ئەفسانەیی کۆن بووە، لێرە دەرفەتی زۆرمان نیە، بۆیە خۆمان لەساغکردنەوەی ڕیشەی نەورۆز دەبوێرین، ئێستا قسە لەسەر ئەوە دەکەین، هەندێك لە وتاربێژ و بانگخوازەکان لەووی تێنەگەیشتن و بەدحاڵی بوونەوە، ئاستیاگ دوا پاشای مادەکان و زوحاك پاشای ماربەشانی ئەفسانەی نەورۆز بەیەك دەچوونن، ئەوانەی بەسەرهاتی ئەفسانەیی کاوە و زوحاك نزیك دەکەنەوە بۆ کۆتایی دەسەڵاتی مادەکان، دەنگی ئەوە بڵاودەکەنەوە گوایە ئاستیاگ دوا پاشای مادەکان، زوحاك یان (ئەژدەهاك)ی ماربەشان بووە، هەروەها وا باسی (زوحاك و فەرەیدون و کاوە) دەکەن، کە فیردەوسی وەك ناسیونالیستێکی فارسی لە شانامەدا شانازی بەسەرکەوتنی کۆش بەسەر دوا پادشای ماد ئاستیاگ ی کورد دا دەکەن، دەڵێن لە ڕووداوی کاوە و زوحاك، دەبێ کورد پرسە بگێڕێت، نەك جێژن بکات، چونکە لەو ڕۆژەدا ئاستیاگ دوا پادشای ماد، لەلایەن کۆشی فارسیەوە کودەتای بەسەردا کراوە و کۆتایی بە دەسەڵاتی کورد هێنراوە، بۆ چیرۆکی (کاوە و زوحاك)یش دەڵێن: ئاستیاگ دوا پادشای ماد دەبێتە ئەژدەهاك و بەردەبێتە گیانی خەڵك، بۆیە کاوەی ئەفسانەیی دەکەنە کۆشی فارسی مێژوویی و ئاستیاگ ی دوا پادشای ماد دەکوژێت، ئیتر زوحاك= ئەژدەهاك بە ئاستیاگ چوێنن و کاوە بە کۆش پێناسە دەکەن، بەم بیانووە چیرۆکی ئەفسانەیی سەرکەوتنی کاوە بەسەر زوحاکدا، دەکەنە

ووداوی مژوویی سەرکەوتنی کۆش بەسەر ئاستیاگ دا، ئینجا لێرەوە بە گەمارۆدانی جێژنی نەورۆز، لە چوارچێوەی چیرۆکی (کاوە و زوحاك)دا، ژەهری مەبەستەکەیان دەڕژن، کە بریتیە لەوەی نەورۆز یادی سەرکەوتنی کاوەش بەسەر ئاستیاگ پادشای ماد، سەرکەوتنی هەخامەنشیەکانە بەسەر ماددا، واتە سەرکەوتنی فارس بەسەر کورد دا، لێرەوە دەگەنە مەبەستە سەرەکییەکەیان و هەستی نەتەوەیی کورد دەجووڵێنن، کە نەورۆز جێژنی فارسە و بە کورد لاسایی کردنەوەی فارسەکان دەبوایە بە کورد پرسە بوایە نەك جێژن، چونکە باسی شکستی کورد و ڕووخانی ئاستیاگ دوا پادشای ماد و دەوڵەتی مادە، ئەمەش چەواشەکاری و هەڵگێڕانەوەی ڕاستیەکانە.

ئەم بنەما هەڵەیەی هەندێ نووسەر بەتایبەت بانگخوازە ئیسلامیەکان، کە بەڵای ئەوانەوە جێژنی ئاگرپەرست و کافرەکانە، دەیکەنە بناغەی وتەکانیان بۆ پێناسەکردنی ئاژدەهاك بە ئاستیاگ، ئەمە یەکێکە لەو بیروڕا هەڵە و بێ بناغانەی زۆر لەڕاستیەوە دوورە، بەداخەوە ئەم قسە بێ بناغەیە بەسەر زمانشێبیری کوردیشدا زاڵ بووە، بەبێ بوونی هیچ بەڵگەیەك، جگەلە لێکچونێکی ڕواڵەتی ناوی ئاژدەهاك و ئاستیاگ، زۆر جاریش بێ زیاتر لەیەکتر نزیك کردنەوەی ناوی ئاستیاگ دەکەن بە (ئاستیاك). ئەمەش تەنیا ڕواڵەتێکی فریودەرە و خۆشیان باش دەزانن، بۆچوونێکی بێ بناغەیە، بەڵام لە شێوەی گوتنی فۆڵ دەکەن و بە لێك نزیك کردنەوە و لێکچواندنی ناوەکان ئاژدەهاك بەشێوەی ئاژدیهاك بەکاردێنن، هەروەها ئاستیاگ بەشێوەی ئاستیاك بەکاردێنن، بێ ئەوەی ناوەکە لەیەکدی بچێت.

ئەگەرچی لەوانەیە هەندێکیان تەنیا قوربانی ئەو بۆچوونە بن، بەڵام لەجیاتی ئەوەی ڕاڤە و شیکردنەوە و بەدواداچوونی وردی بێ بکەن، قسەی بێ بەڵگە و بێ بنەما دروست دەکەن، بێ زیاتر چەسپاندنی بۆچوونە هەڵەکەیان، لەبەرنامەیەکدا کەسایەتیەکی بەرزی ئیسلامی دەیوت: کورد نابێ یادی جێژنی نەورۆز بکاتەوە، لەبەر ئەوەی جێژنی مەجوسەکانە و بێ کوردی موسڵمان دروست نیە، یادی ئەو جێژنە بکاتەوە.

لە نووسینی ئەم بابەتەدا دەمانەوێ بەبەڵگەی مژوویی ئەم هەڵەیە ڕاست بکەینەوە، بەهیوای ئەوەی هەموو ئەوانەی ئەم بۆچوونەیان بەهەڵە وەرگرتووە، یاخود بەئەنقەست و بێ شێواندنی بابەتەکە ئەمە دەوروژێنن، واز لەم بیرکردنەوە هەڵانەیان بێنن، ئەگەرچی لەووی زمانەوانیشەوە ئەم دوو ناوە لەیەکتر جیاوازن، بەڵام ئەمە لێرە خۆمان لەلایەنی زمانەوانی دەبوێرین و تەنیا گرنگی بەلایەنی مژوویی دەدەین، دەمانەوێ لەووی مژوویەوە ساغی بکەینەوە، ئاستیاگ دوا پاشای ماد، زوحاك یان ئاژدەهاك ی دەوەزمەی نەورۆز نیە، بەکو

ئاستیاگ دوا پادشای مادەکان، کەسایەتیەکی هەمن و ئاشتیخواز و لایەنگیری هەژاران بووە، بۆ ئەوەی ئەمە ڕوون بکەینەوە، دروست بوونی دەوڵەتی ماد و ڕۆژگاری فەرمانڕەوایان دەبێ بزانین تا شکستی ئاستیاگ و لەناوچوونی ئیمپراتۆری ماد، لایەنەکانی مێژوو هەڵدەینەوە و قسەی ئەو نووسەر و مێژوونووسانە وەربگرین، شارەزای مێژووی مادەکانن و لەنزیکترین سەردەمی ئەواندا ژیاون و ڕووداوەکانیان بەدروستی تۆمار کردووە.
بەسەرهاتی ڕۆژگاری ماد لە ژێر دەسەڵاتداریەتی ئیمپڕاتۆریەتی هەخامەنشیەکاندا لە نووسراوە سۆ زمانیەکانی (پارسی کۆن، عێلامی، بابلی) هەندێ پاشایان و هەروەها نووسراوەی گەورەی داریوشی یەکەم، لە ڕووکاری بەستون ئاوێنەی یەکترن...، ئەم بەڵگە و سەرچاوانە لەبەرئەوەی لەسەردەمی ڕووداوەکانی ماددا نووسراون نرخدارن، بەڵام سەرچاوەکانی دەستەی دووەم زۆربەیان بە زمان گۆڕاونەتەوە و بەدەمی بێاوبوونەتەوە لەبەر ئەمە ئەوانە جێگای باوەڕنین و نرخیان کەم تۆرە، بایەخی ئەمانە لەلایەك بەستراوە بەواقیعی باسەکەوە و لەلایەکی تریش بەویژدان و ئەمانەت پەروەری ئەو کەسەی باسەکە دەگێڕێتەوە، ئەمانە دەکرێن بەچەن بەشکەوە، نووسەرە کۆنەکانی یۆنان دەکەونە ڕۆژی یەکەم لە چوارچێوەی کەمەی دواییدا.
یۆنانیەکان لەسەردەمی شەی یۆنان و ئێرانیەکاندا لەسەدەی پێنجەمی پێش زایینەدا ئاشنایەتیەکی باشیان لەگەڵ مێژووی ڕۆژهەڵات پەیداکرد، لەو شەڕانەدا لەشکری مادەکانیش بەشدار بوون، یۆنانیەکان بیریان لە دامەزراندنی دەوڵەتکی گەورەی هاوڕێی خۆیان دەکردەوە، بۆ پەروا پەنایان دەبردە بەر ڕۆژگاری کۆن و سەردەمی هەخامەنشیەکان بەسەر چۆنێتی مێژووی ماد و ئاشووریەکان دا تێدەپەڕین.
هێشتا نەوەی زێر لە نێوان بنەماڵە بەرزەکانی ماد دا هەبوو، بەشداری ژیانی سیاسی وڵات بوون و زۆربەیان لە ئیمپڕاتۆریەتی هەخامەنشیەکاندا جێگا و مەقامی بەرزیان بەدەستەوە بوو، هەروەها گەلێك لەمانە لەگەڵ یۆنانیەکاندا پەیوەندیان هەبوو، لەبەر ئەوە دەبێ بڵێین لەو کاتەدا بەڵگە و سەرچاوەی ڕەسمی دەوڵەتی ماد لەلایەن دەرباری هەندێ پادشاهانەوە ئاگاداری دەکرا، لەم ڕوگایەوە لەگەڵ یۆنانیەکانیش پەیوەندییان هەبوو.
داخەکەم یۆنانیەکان دەستیان بەسەرچاوەکانی دەرباری سەڵتەنەتی هەخامەنشیەکان نەدەگەیشت و دیسانەوە لە کاتکدا ئەسکەندەر لەسێیەکی دوای سەدەی چوارەمی پێش زایین، ئیمپراتۆریەتی هەخامەنشیەکانی تکدا و داگیری کرد هەموو ئەو نووسراوانەی دەرباری شاهی لەناوچوون.

لەبارەی سەتەنەت و کیشوەری مادەوە چەند زانیارییەکی تاکە تاکە لە نووسینەکانی نووسەرە یۆنانییەکانی سەدەی پێنجەمی پێش زایین هەن. وەکو هکاتی میلتی و هارون لامپساکی و دیونیس میلتی، کە لەبارەی داریۆشی یەکەم نووسیویانە، هەروەها کسانت لیدیائی نووسەری (مژووی لیدیا) لەناوەاستی سەدەی پێنجەم ژیاون، ئەمانە دەربارەی مادەکان شتیان وتووە، هلانیك نووسەر و مژوونووس دروست بوونی ماد دەبەستێ بەنووسراوی قارەمانانی ئەفسانەکانی یۆنانەوە، بەڵام لەبارەی ڕکخستنی تەواوی مژووی مادەوە یەکەمجار مژوونووسی گەورەی یۆنان و دامەزرێنەری زانیاری مژوو (هیرۆدۆت هالیکارناسی) لە نیوەی دووەمی سەدەمی پێش زاییندا هەوڵ و کۆششکی زۆری داوە. لەساڵی 447ی پێش زایین چووە بۆ ئاتن و دواتر سەری لە سەرزەمینی ماد و پارس داوە و چەند نووسینکی لەبارەی مژووی نەریت و ڕەوشت و هەستان و دانیشتنی ئەو کیشوەرانە نووسیوە و بۆ ئەوەی مژووەکەی تەواو بکات زۆر تکۆشاوە.
هەرچەندە سوودی لە نووسینی نووسەرەکانی پێش خۆی وەك: هکاتە و هلانیك و دیونیسدا وەرگرتووە، بەڵام بەشوەیەکی گشتی پشتی بە لکۆینەوە و پرسیارکردن و وتەی سەرزاری خەڵك بەستووە، بۆ نموونە لەبارەی مژووی مادەوە سوودی لە قسەی خانەدانەکان وەرگرتووە، بەتایبەتی (زوپیر). ەنگە سوودی لەوتەی یەکێ لە نەوەی هارپاك وەرگرتبێ، ناوبراو یەکێ لە گەورە پیاوانی ماد بووە و سەد ساڵ پێشتر نەخشکی شوومی لەتکدان و لەناوچوونی سەتەنەتی مادەکان یاری کردووە، بەم جۆرە شارەزاکان توانیویانە زانیاری شوە ڕاست، بەتایبەتی لەبارەی داستان و بەسەرهاتەکانی بنەماڵەی خۆیانەوە بەهیرۆدۆت بدەن.
لەبارەی نووسینەوەی ووداوەکانەوە هیرۆدۆت (باوکی مژوو) زۆر بەئەمانەتەوە باسەکانی نووسیوە، لە هەندك جگادا لەبارەی بەسەرهاتکەوە چەند جۆرك بەگەی دەستکەوتووە، بەراوردی کردوون، ئەوەی لەهەموویان زیاتر ڕاست دەرچووە (بەپێی بیری خۆی و ڕشنایی سەرچاوەکان) ئەوەی هەبژاردووە و نووسیوەتی، نووسینەکانی ئەو تازەترین بەگەی کۆنە شوناسی ڕۆژهەڵات شوناسیە، لەبابەتی ورد و بچوکیش کۆابتەوە، یەکك لەو بەگانەی ڕاست و دروستی وتەکانی هیرۆدۆت دەسەلمێنێ، نووسراوەکانی داریۆشی یەکەم پادشای هەخامەنشییە لە بستوون، دەرکەوتووە ئەوەی هیرۆدۆت نزیکەی سەد ساڵ دوای ووداوی مژووی کوشتنی گئوماتای مغ نوسیویەتی و ناوی ئەو شەش کەسەی دەستیان لە کوشتنەکەیدا بووە، باسی کردوون، بەڕاست دەرچووە، تەنیا ئەوە نەبێ لەناوی یەکێکیاندا تووشی گومان بووە و ناوی یەکك لە نزیکەکانی داریۆشی هێناوە، ئەو یەکەش دەستی لەو

کار و کوشتنەدا نەبووە.
کتسیاس کیندی نووسەرێکی تری یۆنانیە و لەپاش هیرۆدۆت هاتووە و دەبێ ناوی بهێنین، کتێبێکی مێژوویی بەناوی (پریسکا)داناوە، کتسیاس پزیشکێکی دەرکەوتوو لە خزمانی (بقراط) بونیادنەری زانستی پزیشکی بووە، لە دەوروبەری ساڵی 414 پێش زایین ئێرانیەکان بەدیل گرتویانە، بردوویانە بێ دەرباری داریوشی دووەمی پادشای ئێران، ماوەیەك لە دەرگای داریۆشی دووەم و ئاردەشێری دووەم بووە، بێ گفتوگۆ لەگەڵ یۆنانیەکان سوودی لێ وەرگرتووە، ئەگەرچی قسەکانی کتسیاس لەڕاستیەوە دوورن و هاوڕەتێکی هێرۆدۆت و پێکیان نیە، بەڵام لەبارەی دوا شەڕی نێوان ئاستیاگ و کۆرش قسەکانی کتسیاس تاڕادەیەك لە ڕاستیەوە نزیکن، هەندێ لە نووسینەکانی ئەو لەگەڵ سەرچاوە بابلیەکاندا یەکن.
نووسەرێکی تری یۆنانی لەبارەی دەوڵەتی مادەوە شتی نووسیوە (کزنفون= گەزنەفۆن)ە، کە بەتەواوی لەنووسەرەکانی تر ڕاستگۆترە، زانایەکی ئایدیالی و پیاوێکی سیاسی خاوەن هێز و قوتابی سوقرات و هاوڕێی ئەفلاتون بووە، لەهەمان کاتدا یەکێك لە مامۆستایانی وێژە و گفتوگۆی یۆنان، گرنگتر لەهەموو نووسینە مێژوویی و نیوە مێژووییەکانی یۆنانە (هانیکا Hellenika) کە دوا بە دوای کتێبەکەی (فوکیدید) مێژوونووسی گەورە باس دەکرێ، کزنفون بەشداری لەشکرکێشیەی کۆڕشی بچووك، لەساڵی 401 پێش زایینی دەکا، کە کردیەسەر ئاردەشێری دووەم.
کزنفون دەیزانی (هیرۆدۆت) یەکەم: لەسەردەمی سەتەنەتی ماددا گەلێك وڵات و هۆزی سەربەخۆی بینیوە، لەدواییدا کەوتنە ژێر دەسەڵاتی (پارس)ە ئێرانییەکانەوە، دووەم: لەوڵاتی ماددا چەند شانشینێك بووە سەر بە دوەڵەتی ماد بوون، ئەو شانشینە سەربەخۆیانە لە کۆشنامەدا باسکراون، زۆربەیان ئەو ساتراپ نشینە ئێرانیانە بوون، کزنفون خۆی هەندێکیانی ناسیووە و هەندێکیشیانی لەچەند سەرچاوەیەکی سادە و سەرپێیەوە وەرگرتووە، وەکو شانشینەکانی کاپادۆکیە و ئەرمەنستان و هیرکانیە و شوش …هتد.
نووسەرە یۆنانیەکانی ئەم دواییە تەنیا نووسینەکانی هیرۆدۆت و کتسیاس و هەندێك لە نووسینەکانی کزنفون و بەشێکی زۆر کەمی (بروس)یان باس کردۆتەوە، بەڵام ئەو نووسینانەی ئەوان لەبارەی مێژووی سەتەنەتەکانی کۆنەوە نووسیویانە بەشێکی کەمی لە داستانێکی مێژوویی تردا هەیە، ناتوانین بیکەین بەنووسینی هیچ نووسەرێك کەلەمەو پێش باسمان کردوون.
دوا سەرچاوەیەك کەباسی مادی کردووە و شایانی ئەوە بێ باسی لێوە بکرێ، (مێژووی موسی خورنی) – موسس خورناتسی- نووسەری بەناوبانگی

ئەرمەنیە، لەسەرەتای سەدەکانی ناوەڕاستدا داینراوە بەزمانی ئەرمەنی بووە.
موسی خورنی بە نووسینی مێژووەکەی خۆی لەچەند سەرچاوەی هەمەجۆر و فراوان وەکو تەورات و نووسینی نووسەرە یۆنانیەکان و سریانییەکان و ئەرمەنیەکان سوودی وەرگرتووە، لەسەردەمی موسی خورنیدا، بەپێی مێژووە بەناوبانگەکەی، لەسەدەی پێنجەم و سەرەتای سەدەی شەشەمی زایینیدا ژیاوە، ماوەیەکی زۆر لە سەردەمی مادەکان دوور کەوتەتەوە، لەو کاتەدا لێکۆڵینەوە و هەخنەگرتن لەناو نووسەرە یۆنانییەکاندا نەبووە.
موسی خورنی نەیدەتوانی سود لەسەرچاوە پێشووەکان، وەکو نووسینەکانی هێرۆدۆت و کتسیاس و کزنفون وەربگرێ، بەڵام سوودی لەو نووسینانەی دوایی وەرگرتووە، ئەو سەرچاوانەیان باس کردووە و باسەکانیان لەوانەوە وەرگرتووە، هەندێك نووسینەکانیشی لەبارەی سەردەمی کۆنەوە دەدۆن زۆر تێکەڵ و پێکەڵن، ئەم ئاڵۆزیە هۆیەکی تایبەت تری هەیە، چونکە موسی خورنی بە تایبەتی پشتی بەکتێبی کابرایەکی سووریەیی بەستووە و باسی لێوە کردووە، ناوی (مارئاباس کارتینا) بووە، لەوە دەچێ تەنیا ئەو لەبارەی ئاڵۆگارێکی نزیکەوە زانیاری لێ وەرگرتبێ (مارئاباس کارتینا) یا (ئەو کەسە، ئەم ناوەی بێ خۆی داناوە) خۆی بەهاوچەرخی یەکەمین پادشای ئەشکانی لەسەدەی دووەمی پێش زایین لەقەڵەم دەدا، لەگەڵ ئەوەدا نووسینەکانی کۆمەڵە نووسینێکی نووسەرە کۆنەکانە بەشێوەیەکی ناڕێك و پێك، کەبەسەریەکدا نووسراون و مێژووی ئەو نووسینانە ئەگەر لەسەدەی سێیەمی زایینیدا بەدواوە نەبێ پێشتر نییە.
موسی خورنی زۆرتر ئەو باسانەی نووسیوە، مێژوونووسەکانی پێشووتر لەبارەی مێژووی ئەرمەنستانەوە نووسیویانە، لەبەرئەمە باسی (تیگرانی یەکەم) کۆنترین شای ئەرمەنستان و … کردووە، زۆر بەوردی داویەتە بەر سەرنج و لەباسەکاندا بایەخی پێداوە، هەروەها ناوی (ئاستیاگ)ی بە (ئاژدەهاك) بردووە، لێرەدا لە نووسینەکانی موسی خورنیدا دەردەکەوێ مێژوونووسی ئەرمەنی ناوبراو ویستویەتی ئەو باسانەی لەسەرچاوە یۆنانییەکانەوە وەریگرتوون، لەگەڵ باس و بەسەرهاتە مێژوویەکانی ئاژهەڵاتدا پەیوەست بکات، ئاردەهاك (ماژدهاك)ی ئاوێستا زۆردارێکی ئەفسانەیی و مارێکی شێوە ئادەمیزاد لە خەڵکی باوری (Bawri = بابل) بەدەستی (ثراتیلو= TraiTeuna) (فەریدون(کوژراوە، کە لە دواییدا وەاتی ئاژی- دەهاك لە دوای سەردەمی پارتەکان بە بابل یان دادەنا، لەگەڵ ئەوەدا ناوەکان بەهیچ جۆرێك لە (ئاستیاگ) ناچن، ئەم ئاڵۆزیە دیسان لەکۆنەوە تووشی ناوی (ئاستیاگ) بووە، هەر چۆن بێ ئەم قسە بێ

بناغەیە لەسەدەی نۆزدەهەمدا سەری لە گەلێك لە نووسەرانی ئەوروپای ڕۆژئاوا شێواندووە و تووشی هەڵەی کردوون، ئاشکرایە موسی خورنی کەمتر لە شارەزایان و نووسەرانی ئەوروپای سەردەمی تازە سەرچاوەی یۆنانی دەستکەوتووە و خۆی بەڵکەڵێنەوەیانەوە خەریك کردووە، وەکو ئەو نامانەی یۆنانییەکان دەستیان کەوتووە، لەبارەی ناوی مادەکان و (ئاوەستایی) لەسەردەمی ئەودا کێن بوون دەستگیری نەبووە، توانای نەبووە یانەیویستووە ئەو نووسراو و سەرچاوانەی دەست بکەوێت، بەکو شێوەی نامەکانی چێن بیستووە بەو جۆرە داویەتە بەر سەرنج و باسی کردووە.

موسی خورنی نەك هەر سوودی لەبەرسەرهاتە مێژوویەکان وەرگرتووە، بەکو سوودیشی لە داستانە ئەرمەنییەکانیش وەرگرتووە، لەداستانەکەی (تیگران) قارەمان- مێژوونووسان بەو تیگرانەی دەزانن، کزنفون باسی کردووە، بەهاوکاری لەگەڵ فەرەیدون لە دژی ئەژدەهایەك کە (ئاژدەهاك)ی ناوبووە ئاپۆیون، باسی کراوە، دیسانەوە (ئاژدەهاك) و (ئاستیاگ) لەنووسینەکانی کزنفوندا هاوچەرخی تیگران بوون، موسی خورنی زیاتر بەهەڵەدا بردووە.

نووسینە ئەرمەنیەکان و بەتایبەت کتێبەکەی موسی خورنی لەچەند بوارێکی جۆربەجۆردا باسیان کردوون، بەڵام جیاکردنەوە و لێکێنەوەی سەرچاوە ئەرمەنیەکان زۆر گرانە، ئەنگە موسی خورنی لەهەندێ سەرچاوەی تایبەتی ڕۆژهەاتەوە سوودی وەرگرتبێ، لەگەڵ ئەوەدا جێگای باوەڕ نییە، لەسەدەی پێنجەمی زایینیدا بەسەرهاتێکی مێژوویی سەربەخۆ بۆئەوە بشێ پشتی پێ ببەسترێ، لەبارەی سەتەنەتی مادەوە بووبێت، دەتوانین بڵێین لە ڕۆژگاری ساسانیەکاندا (لەسەدەی سێیەم تا حەوتەمی زایینی) تەنانەت بیرەوەری هەخامەنشیەکانیش بەرگوێ نەدەوکەوت، لەجیاتی قارەمانانی ئاوەستا وەکو (کوی کوات) (کەیقەباد) و (کوی خسرەو) (کەیخوسرەو) و (کوی ویشتاسب) (گشتاسب) و پادشایانی تری کێنی ناوچەکە بەمجۆرە باس دەکران، سەردەمی سەتەنەتی هەخامەنشیەکان لەداستانە مێژوویەکانی ڕۆژهەات، لەسەدەکانی ناوەڕستدا بە تەواوی فەرامۆش کرابوو، تەنانەت لە بارەی دەوڵەتی پارتەوە هیچ جۆرە زانیاری و شارەزاییەکی ڕوون و ڕاست نەبوو.

دامەزراندنی دەوڵەتی ماد

لەبارەی ئەو سەرچاوانەی باسی مێژووی ماد دەکەن، بەداخەوە گەلێك لەو سەرچاوانە گومان لەنووسین و باسەکاندا پەیدا دەبێت، کە باسی سەرچاوەیەك یا نووسەرەکەی دەکەین، پێویستە بەوردی سەرنجی نووسینەکە و باری ڕۆژگاری نووسینەکە و نووسەرەکە بەوردی بدەین، لەڕواڵەتی مێژوویی و ئەدەبی و سیاسی نووسینەکە و نووسەرەکە

بەوردی بکۆڵینەوە، دەبێ ئەوە بزانین هەر باسێك لە هەر سەرچاوەیەکەوە وەرگیراوە، چیە و چ نرخێکی هەیە، ئەگەر بەمجۆرە نەبێ ئەوا ناتوانین بەڵك و پشکی و هەوانی بگەینە ئەنجام و بیروڕای خۆمان بچەسپێنین.
پێویستە سەرەتا ئەوە بزانین سەرچاوەی ئاستیاك، دوا پادشای مادەکان لە کوردستان گرتووە، لەو ڕوانگەیەوە یەکێتی تیرەکانی ماد، سەرچاوە و هێزی سەرەکی پشکۆنانی دەسەڵاتی ماد بوون، لەم بابەتەشەوە قسە زۆر کراوە، هەر کەسە بۆچوونێکی دەربڕیوە، بەناوبانگ ترینیان ڕوانگەی هیرۆدۆت مێژوونووسی نێوداری یۆنانی کۆنە، ناوبراو کەسێك بەناوی (دیاك یا دیاکۆ= دیاکس یا دیائۆکۆ) بەمایەی سەرەکی یەکگرتوویی تیرەکانی ماد و یەکەم پشکۆنەری دەسەڵاتی ماد ناساندووە، ئاشکراشە دیائۆکۆ لەپشدا سەرکردەی یەکێك لە هێزەکانی ماد بووە و بە قەولی کوتوان لەسەردەمی هێرشی سارگۆنی دووەمی پادشای ئاشوور بۆ سەر مانا و ماد، بەدیل گیراوە و بۆ سوریە دوورخراوەتەوە.
ئەو داستانەی "هیرۆدۆت" بۆ بە دەسەڵات گەیشتنی "دیائۆکۆ" دەیگێڕێتەوە، لەنێو هێزی خۆیدا جێگای ڕێز بووە و لە ژیری و ڕێزلێنانیدا بەناوبانگ بووە و زۆربەی خەڵکی هێزەکەی خۆی و بگرە خەڵکی لاوەکیش بۆ کردنەوەی گرفتەکانیان دەچوونە لای و هێدی هێدی قەدر و ڕێزی لەنێو هێزەکەی خۆی و خەڵکدا ئەوەندە بەرز بووە، کە وایان بیردەکردەوە بەبێ ئەو هیچ گیروگرفتێك چارەسەر نابێ، بۆیە کاتێك هاتنەسەر هەڵبژاردنی کەسێك بۆ ڕێبەری قەوم، هەموو یەك دەنگ دیائۆکۆیان هەڵبژارد.
هیرۆدۆت دەنووسێ: یەکەم کاری دیائۆکۆ، ئەوە بوو کۆشکێکی بەخەڵك سازکرد و چەند پارێزەرێکیشی بۆ گرت، دوایش فەرمانیدا لە دەوری کۆشکەکەی شارێکی گەورە دروست بکەن، تا ببێتە ناوەندی دەسەڵات، گەلی ماد لە هەموو شوێنێك بۆ کاروبار و گیروگرفتەکانیان بێنە ئەو شارە، کۆشك و شار بەدەی دیائۆکۆ لە شوێنی ئەمڕۆی (هەمەدان) دروست کرا و نێویان نا (هەنگماتانە، هەنگماتان یا ئەکباتان) بە مانای شوێنی کۆبوونەوە، لە هەمان کاتدا، ئەو بۆ غەرەزی و عەدالەتی کە لەپشدا دەیکرد درێژەی پێدەدا، ئەو لە ماوەی 53 ساڵ پاشایەتی خۆیدا قەومەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی یەکگرتوو کرد و هەموو کۆششی خۆی بۆ ئەوە وەگەڕخست، بناغەی دەسەڵاتێکی بەهێز دابمەزرێنێ، بناغەی ئەو دەسەڵاتەی بە ناوی "ماد" دەناسرا بەهێز تر بکا. دیارە دوای ئەو کوێەکەی "فرەئارتیش یا خشتریتە" کەوتە بیری داگیرکردنی خاکی خەڵکی تر و فراوان کردنی وڵاتی ژێر دەسەڵاتی خۆی.
پێویستە فرائارتیش کوڕی دیائۆکۆ لەدوای باوکی بە یەکێك لە

دامەزرێنەرانی ئیمپراتۆری ماد بزانین، بە وتەی هیرۆدۆت ئەویان بەکوڕی دیائۆکۆ زانیوە. فراوەرتیش کوڕ یا نەوەی دیائۆکۆ بەزیادکردنی خاکی ئەو ئەمیرنشینە بچووکانەی لە دەوروبەری خاکی خۆی بوون، چەند هەنگاو لە پێکهێنانی دەوڵەتی ماد نزیك تر بووەوە. بەهەرحاڵ فرائۆرتیش یا خشتریتە دوای 22 ساڵ فەرمانڕەوایی بەسەر خەڵکی ماددا کوژەکەی کیاکسار شوێنی گرتەوە، بەوتەی هیرۆدۆت ناوبراو لەشەڕکدا لەگەڵ ئاشوورییەکان لە ساڵی 652 یا 653 بەرلە زایین کوژرا.

ڕووخانی دەوڵەتی ئاشووری

یەکخستنی هۆزەکانی ماد لەئەنجامدا بوو بە هۆی دامەزراندنی یەکێك لە ناوەکانی گەورەی دەسەڵاتی ناوەندی، لە دنیای ئەو سەردەم و پێکهێنانی ئیمپراتۆری ماد و یەکەم دەسەڵاتی ڕاستەقینە و سەربەخۆ. لەو کاتە کە ئاشوورییەکان زلهێزی ئەو سەردەمە بوون، هەرچی دەسەڵاتی ئاشووری بەسەر ماددا زیاتر دەبوو، زەمینەی خۆاگری و بەرگری و بیری خۆزگارکردن، لە ژێر دەسەڵاتی ئاشوورییەکان لەنێو خەڵکدا زیاتر دەبوو.

هەموو ئەو شوێنانەی ئاشوور لە باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتی گرتبوو، لە دەستی دەرهێنرایەوە، بەڵام سەرهەڵدانی ناکۆکی و ناتەبایی لەنێو ئەو هۆزە یەکگرتووانەی ماددا بەهۆی ئاشوورییەکانەوە پێکهاتبوو، گەیشتە جێگایەك پاشای ئاشوور پەیوەندی لەگەڵ سکاییەکان بەست و کچەکەی دابە پادشای سکاییەکان، تا ئەو لەو یەکگرتنە لەگەڵ مادەکان پەشیمان بکاتەوە، کۆتایی بەم سەرکەوتنانە هێناو بۆ ماوەیەك خەیاڵی ئاشوورییەکانی دڵنیا کرد.

پاشای ئەسکیتەکان بۆ پشتیوانی ئاشوورییەکان دژی مادەکان وەستا، هەر چۆن بۆ لە ساڵی 625 پێش زایینداا پادشای ماد لە ژێر ڕکێفی ئەسکیتەکان ڕزگاری بووە، جارێکی تر وەکو دەوڵەتێکی خاوەن هێز و سیاسی گرنگ هاتەوە ئاوە.

هیرۆدۆت دەڵێ: لەسەرەتای حکومەتی کیاکساردا پادشای ماد گەلێك هێز و لەوانە پارسەکان لەژێر دەسەڵاتی دابوون، بەڵام لەدەیەی سێیەمی سەدەی حەوتەمی پێش زایین پارس (پرسید) وەکو پادشانشینە بچووکەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیلام و ئەودیو ئیلامەوە، هەشتا بەسەربەخۆیی دەژیا.

سەرکەوتنەکانی دەرەوە، لەدوای دەرکردنی ئەسکیتەکان لەسەردەمی حکومەتی کیاکساردا، لە دوای ساڵی 616 پێش زایین دەستی پێ کرد، هیرۆدۆت لەبارەی کیاکسارەوە دەڵێ: دەڵێن ئەو …. یەکەم کەسێك بووە هێزەکانی نیشتەجێی ئاسیای کرد بەچەند بەشێکەوە و ڕێکیخست.

هەنگە چەند دەستەیەکی شەکەری تری هێزەکانی تری، وەکو

مانناییەکان و ئەوانی تر، ئەوانیش لە ساڵی 612 پێش زایین لەناو لەشکری سەرکەوتووی مادا بووبن، بەم هۆیەوە سەرکەوتنی ماد بەسەر سەرکەوتنی تەواو هێزەکانی ئاسیای نزیك دابنێین، ئیتر کیاکسار بیری لەوە کردەوە باسکی بەهێزی دەوڵەتەکەی بەکاربێنێ لە دژی زەر و ستەمی ئاشوورییەکان.

(بروس) مێژوونووسی بابلی دەنووسێ: نەبوپلاسار پێش شەڕ لەو هاوپەیمانیە دەگەڵ، لەسەر بنەمای دۆستایەتی لەگەڵ هوخشترە هەیبوو، لە وتوێژکدا بوونەوە هاوپەیمان و کچی هوخشترە بەناوی (ئەمێئی ئیدا)یان داوە بە (نەبو کدنەسر= نەبوخودنەسر)ی کوڕی نەبوپلاسار، بۆ یەکگرتن دژی ئاشوور ووی لێنا و دوایەش مادەکان لە زاگرۆس تێپەڕین و لە داوێنی ێژئاوای زاگرۆس لە دیجلە پەڕینەوە، دیواری دەوری ئاشووریان تێك ووخاند و شاری پیرەزی (ئاشوور) یان گرت، کە هەموو دەستکەوتی ئاشووری تێدابوو، ئەوەی لە تاڵان و بڕی چەند سەدەی پێشتر لە وڵاتانی دراوسێ کۆیان کردبووەوە هەمووی لەو دابوو.

ووخانی نەینەوا لەلایەن مادەکانەوە، لە مانگی ئوت ی ساڵی 612 پێش زایین بووە، گرتنی ئەو شارە، کەچەندین سەدە ناوەندی دەسەڵاتداریەتی هەموو ئاسیای ێژئاوا و پایتەختی زاڵمانەترین حکومەتەکانی دنیا بوو، وای بەحاڵی شارێك، کە پێ لە تەڵەکە و تاڵان و تایبەتمەندیی لێ دوورناکەوێتەوە، شەقەی شەللاق و گۆڕەی تایەی عەرەبانان و تەپەتەپی سمی ئەو ئەسپانەی تاودەدرێن، گوێی فەلەك کەڕ دەکەن، بریقەی شمشیران دەدرەوشێن و نووکە ڕمان بەرچاو تروسکەیان دێ، کوژراو یەکجار زۆرن و تەپۆلکەی تەرمان بەرچاو دەکەوێ، بەواتایەکی تر لە جەنازەی کوژراوان تەپۆلکە سازبووە، هات و هاواری بڕانەوەی ئاو وەسەر ئاخ گەڵاوە و کەنیزەکان بەدیل گیراون، هەر کەس لە توانای دابووە، چەك هەڵگرێ کوژراوە و ئەوانی دیکەش کران بە کۆیلە…، داگیرکەرانی ئاشوور نینەوایان وێران کرد، کەلەسەر گۆی زەوی نەما و هەموو سەروەت و سامانی ئەو شارەیان بۆ ئەکباتان (هەمەدان) نارد و بەم شێوەیە نینەوا بۆ هەمیشە لەناو چوو. شای ئاشوور، کە فەرمانەوای دنیایەك بوو، کۆشکی ئیمپراتۆری ئاورتێبەردا و خۆی و بنەماڵەکەی لەنێو گۆی ئاگردا سوتان. بەڕام تا ساڵی 609ی پێش زایین بە پچڕپچڕی شەر بەردەوام بوو.

بیستی ئەیلوول (سەرەتای سپتامبەر)ی 612ی پێش زایین کیاکسار گەیەوە بۆ ماد، نابوپلاسار لە کەلاوە وێرانەکانی نینەوادا مایەوە و لەشکرەکەی هەروەکو جاران پەلاماری ئاوایەکانی ناوچە دانیشتووەکانی ئاشووریان دەدا و تاڵانیان دەکردن. لەکاتێکدا لەشکری بابلیەکان بەدوا پاشماوەکانی ئاشووردا لە حەڕان لەشەڕ

دابوون، لەهەمان کاتدا مادەکان بەسەختی لە ئورارتویان دا و گەیشتنە (نوشیا) و پایتەختی کیشوەرەکانیان لەکەناری دەریاچەی وان بوو، دەوڵەتی ئورارتویان داگیرکرد، پادشای ماد نەك تەنیا ئیمپڕاتۆریەتی ئاشووری لەناوبرد، بەڵکو پادشایەکانی ماننا و ئەسکیت و ئورارتوشی هێنایە ژێر دەسەڵاتی خۆی، ئەمە خۆی سەرکەوتنێکی گەورەبوو.

بەقسەی هیرۆدۆت لە دوای ڕزگار بوونی ماد لەژێر دەسەڵاتی ئەسکیتەکان لەساڵی 625 پێش زایین، ئەسڵی ئەسکیتەکان بەڵای زۆربە لە قەفقازەوە هاتبن، بۆ کەنارەکانی دەریای ڕەش، ژمارەیەکی زۆر لە ئەسکیتە بیابان نشینەکان لەئەنجامی شەڕی ناوخۆیی، چوونە خاکی مادەوە، بەڵام بەشێك لەوانە بەهۆی ناکۆکی ناوخۆیانەوە لە شوێنی خۆیان مانەوە و لەسەر ئارەزووی خۆیان سەریان بۆ کیاکسار دانەواند، لەو سەردەمەدا کیاکسار کوڕی فرائورت کوڕی دیوك حوکمی مادەکانی دەکرد، ئەو لەسەرەتاوە داخوازی ئەسکیتەکانی قبوڵ کرد، کە داوای یارمەتیان لێ کردبوو، تەنانەت کوڕەکانی بۆ فێربوونی زمان و پیلانی تیرئەندازی نارد بۆ لای ئەوان، ئەو کاتە کیاکسار لە خۆیەوە پادشایانی ئەسکیتی ڕەنجاند و ئەوانیش تۆڵەی خۆیان لێ سەند و لەجیاتی گێشتی ڕاو گێشتی یەکێ لەو لاوانەیان پێداوە، کە بۆ فێربوونی هونەر هاتبوون بۆ لایان، لە دواییدا لەدژی کیاکسار بەپەلە چوون بۆ لای ئالیات کوڕی ساديات لە ساردیس.

کیاکسار داوای خۆبەدەستەوەدانی ئەسکیتەکانی لێ کرد، بەڵام پادشایانی لیدی بەتایبەت ئالیات نزیکەی لەساڵی 617 تا 561 پێش زایین لە کۆنەوە لەگەڵ ئەسکیتەکاندا پەیوەندی دۆستانەیان هەبوو، چونکە دوژمنی کیمیرییەکان بوون، بەم هۆیەوە ئەو داوای کیاکساری دایە دواوە، لەبەرئەوە شەڕ لەنێوان ماد و لیدییەکاندا دەستی پێکرد و زیاتر لە پێنج ساڵ، واتە لە ساڵی 590 تا 585ی پێش زایین درێژەی کێشا.

لەم شەڕەدا هەر جارەی یەکێکیان سەردەکەوتن، هەندێك جار وا ڕووی دەدا لەشکرەکانی ئاسیای بچووك دەچوونە ناو خاکی ئاسیای نزیکەوە، بەمجۆرە مادەکان توانیان لەشکری ئالیات بەرەو ڕۆژئاوا بکشێننەوە دواوە، لەگەڵ ئەوەشدا چونکە شەڕکەرەکانی ماد لەو شەڕانەی ساڵانی دواییدا زۆر ماندووببوون، نەیانتوانی بە تەواوی سەرکەون و لە 28ی مانگی (؟) ساڵی 585ی پێش زایین لەکاتی شەڕکردن لەگەڵ لیدیەکاندا خۆر گیرا، هەردوولا ڕایان وابوو ئەم ڕووداوە غەزەبی یەزدانە و نیشان کردنێکی جیهانی سەرەوەیە، ڕۆکەوتن دەبێ (سولح) بکەن و ئاشت ببنەوە، ئینجا بەهۆی ناوبژی کردنی بابل و کیلیکیە، پەیمانی ئاشت بوونەوەیان بەست و سنووری نێوان لیدی و ئیمپڕاتۆریەتی ماد بە

درێژایی ووباری گالیس (قزل ئیرماکی ئێستا) دیاریکرا، ئەم پەیمانە بەوەی ئەستیاگ کوڕی کیاکسار ئاریانیای کچی ئالیاتی خواست مەحکەم تر بوو، هەموو ناکۆکیەکان لەبیرچوونەوە، و لەناوا لابران، هەنگە پەیمانی ئاشتی بەهۆی کیاکسار خۆیەوە نەبەستراوە، بەڵکو بەهۆی کوڕەکەیەوە ئاستیاگ بەستراوە، چونکە کیاکسار بەو خاکەی خستیە ژێر دەستی خۆیەوە، سنووری ئیمپراتۆریتی مادی تا ئەو جێگایەی فراوان کرد، هەرگیز لەوە بەولاوە تێنەپەڕی، هەر لە هەمان سااڵدا لەدنیا دەرچوو.

دەوڵەتی ئیمپراتۆری ماد

دوای ئەم هەموو سەرکەوتنانەی مادەکان بەدوای یەکدا، سنووری ئیمپراتۆری ماد زۆر فراوان بوو، مانای پێشوو (ئازربایجانی ئێران) ناوەندی ئابووری و فەرهەنگی ئیمپراتۆریەتی ماد بوو، هیرۆدۆت بەم جۆرە باسی ڕەکخستنی ئیمپراتۆریەتی ماد دەکات، لەسەردەمی فارمانفەرمایی ماددا هەزك حوکمی بەسەر هەزکی تردا دەکرد و مادەکانیش حوکمیان بەسەر هەموویاندا دەکرد، بەر لەهەموو بەسەر ئەو هەزانەدا لەوانەوە نزیك تر بوون، ئەوان بەسەر دراوسێکانیاندا و دراوسێکانیشیان بەسەر هاوسنووورەکانیاندا، سەرچاوە عیبریە کۆنەکان لەبارەی پادشای مادەوە قسەیان کردووە و نووسراوە بابلیەکەی (نابونید)، ئەویش باسی ماد و ئەو پادشایانەی سەر بەوان بوون باسی کردوون.

ماد یان پادشایی ماد لەپادشایە کۆنەکانی ماد و ماننا و ئەسکیت پێکهاتبوو، بەم هۆیەوە سەرچاوەی هیرۆدۆت جگەلە ماد پاریکانیەکان، و ئورتوکوریبانییەکان، کەهەمان دانیشتوانی پادشای پێشووی ئەسکیت بوون، بەڵام سەرچاوەی ناوبراو مەبەستی لە (پاریکانیەکان) بەشێك لە دانیشتووانی پادشایی ماننا بوون، کەهێشتا بەتەواوی لەگەڵ ماد تێکەاڵو نەببوون، دیسان بەشێك لە ساتراپ نشینەکانی ماد ناو دەبات، لە نووسراوەکەی بێستوندا دەڵێ: شاری ئاشووری (ئاربل) ئەویش بەشێك بووە لە خاکی ماد، لەوتەکانی (گەزنەفۆن) (ئاناباسیس) بەشێوەکی گشتی زەوی و زاری ئەسڕی ئاشوور ببوو بەبەشێك لە خاکی ماد، دوایش خەڵك بە بەشێك لە خاکی مادیان ناودەبرد، وڵاتی پێشووی ئاشوور، کە ڕوی و زاموا و پارسوا و بیت هامبان و کیشەسو و خارخار ئەمانەش ببوون بەبەشێکی وڵاتی ماد.

ماد لە ژووڕووی ڕۆژئاواوە تاادەیەك دەسەڵاتی پەیداکردبوو، هەندێك لە زەوی و زار و دانیشتوانەکانیان لە هوری و ئورارتەیی و (ماتیانی) بوون، لەوە دەچێ لە ڕۆژئاوای دەریاچەی ورمێوە لە دەڕاوی ئاراس نیشتەجێ بوون، هێنابوونیە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە، هیرۆدۆت دووبارەی دەکاتەوە شانشینی ماد لەگەڵ ساسپیریان- واتە

هەزەکانی ئیبری و گرجی هاوسنوور بووە، دوایی ناوچەکانی ئاوەژگەی (قزل ئوزون) هەزەکانی کادوسی و کاسپی تیانیشتەجێ بوون، کە هەشتا نەهاتبوونە ژێر دەسەڵاتی مادەوە، بەبەشکی ئەو سەرزەمینە دەژمێردران، دیاری کردنی سنووورەکانی ناوچەکانی مادی گرانە، ئەمە وا دەزانین ئەو سنوورانە بەجۆرێك بووە بەشێك بووە لەسەر زەمینی ئایندەی پارت، ئەویش پارچەیەك بووە لە خاکی ماد.
سەرزەمینی هەزی ساگارتییەکان، ئەویش بەشێك بووە لە خاکی ماد، لە کێو و بیابانەکانی ناوەندی ئێران (ناوچەکانی ئێرانی ئێستا) دەژیان، دوایی ئەم ناوچەیە کەوتە سەر وڵاتی پارت. لەدەروبەری ماددا چەند سەرزەمینێکی خودموختاری و شانشینی و هەز و حاکمنشین بووە، بەڵام بەرەکانیان ماد بوون. بەڵام ئەمانە بەشێك نەبوون لە خاکی ماد، دەوڵەتی ماد سنووری زەوی و زاری خۆی تاڕادەیەك ئاشکرا نەبووە. ئەم هەموو خاکە پان و بەرینە بۆ کابەر کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ماد، بە فەرمانەوایی ئاستیاگ.
سەردەمی سەڵتەنەتی ئاستیاگ
بۆ ئەوەی بە دروستی بە ئەنجامی ووداوەکانی سەردەمی سەڵتەنەتی ئاستیاگ بگەین، دەبێ لاپەڕەی کتێبی ئەو مێژوونووسانە هەڵدەینەوە، بە وریاییەوە ووداوەکانیان تۆمار کردوون، ئەوە ووتە هەرچەند ئەو ووداوانە لەسەردەمی ژیانی نووسەرەوە نزیکتربن، زۆر تر لە ڕاستی دەچن، بەم هۆیەوە دەتوانین پشت بە مێژووی سەدەی پێنجەمی پێش زایینی زیاتر ببەستین، تاکو مێژووی سەدەکانی دوایی.
سەرچاوە بابلیەکان بەشێوەیەکی گشتی ڕاستن، بەڵام لەبارەی ووداوی کۆتایی سەڵتەنەتی ئاستیاگ زۆر شپرزە و ناڕاستن. دەبێ بڵێین لەبارەی ووداوەکانی سەڵتەنەتی ناوبراو، هەرچۆن بێ تا سەرەتای جەنگ لەگەڵ پارسەکاندا، زۆر سەختە، بەڵام ئەو سەرچاوانە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ تا ڕادەیەك شتێك بەدەستەوە دەدەن، بەهۆی ئەوەوە دەتوانین باری ناوخۆ و کۆمەڵایەتی و سیاسی سەرزەمینی ماد، لە سەدەی شەشەمی پێش زایین بخەینە بەرچاومان، لەم ووەوە سەرچاوەکان جیاوازیان لەنێودا نیە.
لەسەردەمی سەڵتەنەتی ئاستیاگ دا سنووری پان و پۆی ئیمپراتۆری ماد هێندە فراوان بوو، باسێك لە داگیرکردن نەمابوو، ئەم سنووورە فراوانە پێویستی بە هاتنە ئارای دۆخێکی هێمن و ئاسایی کردنەوەی بارودۆخەکە هەبوو، هیرۆدۆت دەڵێ: لەسەردەمی سەڵتەنەتی ئاستیاگ دا هیچ جۆرە شەڕکی گەورە نەکراوە و هیچ شوێنێك داگیر نەکرا، لەو سەردەمەدا حکومەتێکی بە دەسەڵات و خاوەن پادشا لە ماد، تەنیا مەرجی بەربەرەکانێی گەورەکان و پشتبەستن بەخەڵکە ئازادەکان دەیتوانی بڵتەدی. ئاستیاگ دەیویست وڵات بە ئاشتی و

هاوکاری خەڵکە هەژارەکان بەرەوە ببات، خانەدان و گەورە پیاوەکانی پشت گوێ خست، هیرەدێت دەڵێ: ئاستیاگ سەبارەت بە پیاوە گەورەکانی مادیان (یەکەمین کەسانی نێو مادەکان) بۆ بەزەیی بووە، و پاشماوەکانی پادشایانی دهیوپتی Dahypati وا بووە.
ئاستیاگ لە سیاسەتی خۆیدا لە ئامۆژگاری و ئایینی موغەکان سوودی وەردەگرت، بەپێی وتەی هیرەدێت موغەکان لای ئەو ڕێزیان گیراوە و ئاستیاگ زۆر جار پرسوڕای پێ کردوون، ئەو ئامۆژگارییانە بەپێی وتەی (ئی، م، دیانەکەف) لەو سەردەمەدا هەشتا لەگەڵ نەریتی سەرەتایی بەناوی زراتوشترا ناودەبرا، زۆر جیاواز نەبوون، زۆر جێگای سەرنجی خەڵکی بوون.
ئاستیاگ لەگەڵ بنەماڵەی زراتوشترا موغەکانی ئەو سەردەمە، لەدەوری کۆبوونەوە و خزمایەتیان بووە، ئەوەمان لەیاد نەچێ، بەرلەزەردەشت پاشاکان خۆیان کاهن بوون، لەئەنجامدا قودرەت و دەسەڵات و ناویان لە پلەیەکی ئایینی دابوو، بەم جۆرە ئەو تاکە ئایینەی موغەکان نوێنەری بوون، هەرچەندێك بوو گەلێك بایەخی بۆ پادشایانی ماد هەبوو.
هەڵبژاردنی ئاسپیتام مۆردی ئامیتیدا کچی ئاستیاگ بۆ جێنشینی لەنێوان خەڵك و خاوەن کێلەکان، کە لایەنگیری ئاستیاگ بوون، لەلایەك و گەورە پیاوان و سەرپێچیکارەکان لەلایەکی تر بەربەرەکانێ و ناکۆکی زۆری هێنا، بەتایبەت لەسەردەمی سەڵتەنەتی ئاستیاگ دا هیچ جۆرە شەڕێکی گەورە نەکراوە و هیچ شۆڕشێك داگیر نەکرا، لەئەنجامدا گەورە و کاربەدەستانی لەشکر بۆ کار و دەست بەتاڵ مانەوە، هیچ جۆرە تاڵانییەکیان لەم ڕێگایەوە دەست نەکەوت و بەرژەوەندییەکانیان تەواو شکستی هێنا بوو، لەبەرئەوە بەتوندی بەرهەڵستی پادشا وەستان و کەوتنە گلەیی و گازەندە و جموجۆڵ لە دژی ئاستیاگ، هەرچۆن بێ لە کیشوەری ئاشووریشدا هەر بەم جۆرە بوو.
هیرەدێت خۆی دەڵێ: ئاستیاگ هارپاك ی کرد بە فەرماندەی لەشکری مادەکان، لەم ڕووەوە هیرەدێت وتەی دەست و پێوەندەکانی – هارپاك-ی نووسیوەتەوە، بەوتەی ئەو بەر لە شۆڕشی پارسەکان لەلایەن گەورەکانی مادەوە کۆبوونەوە و جموجۆڵ دەستی پێکرد، لە دژی سەڵتەنەتی ئاستیاگ، کە هارپاك دایمەزراند بوو، بەهۆی ئەوەی زۆر لە ئەستیاگ ەنجا بوو.
کۆشش یەکەمین کەسی خانەدانی هەخامەنشی، باوکی کۆشش کەمبۆجیەی یەکەم و باپیری ئەو کۆشی یەکەم لە زنجیرەی پاشایان بوون، کۆشش بەرلە نەخۆشی و مردنی باوکی ماوەیەك لە دەرباری ماد ژیاوە و بەشداری لەشکرکێشیەکانی مادەکانی کردووە، لەسەرەتای شەڕدا چەند ساڵ بووە، لەسەر سەڵتەنەتی پارس یان جێنشینی کەمبۆجیەی دووەم

بووە.
بەپێی وتەی کتسیاس کۆش ئەو کاتەی لەدەرباری ئاستیاگ دابووە، لەلایەن ئەستیاگەوە بەنوێنەری چوو بوو بۆ لای پێشەوای کادۆسییەکان، ئەمانە هۆزێکی گرنگی سەربەخۆ بوون، لە چیاکانی خواروو‌توری ڕووباری ئاراس، کۆش (ئیبار)ی مەیتەری لەگەڵ خۆیدا برد، کە لەوەبەر وەکو کۆیلە دەستگیر کرابوو، ئیبار داخی زۆری بەرامبەر بەماد لە دڵ دابوو، لەبەرئەوە کۆشی هاندا بۆ ئەوەی دەسەڵات لەدەست مادەکان دەربێنێت و بکەوێتە دەست پارسەکان.
بەڵای زۆربەی مۆژوونووسان پێکهێنانی پێشەکی کارەکان دژی ئاستیاگ، کۆبوونەوە و جموجۆڵی چینەکانی ناوەوەی گەورەکانی ماد بەدەستی هارپاگ و لەلایەکی تریشەوە هاندانی هۆزە جۆربەجۆرەکان بۆ ناو شۆڕش بەهۆی ئیبارەوە بووە.
هەروەها بەوتەی کتسیاس ڕووداوەکانی دواتر بەم جۆرەیە، کۆش لەسەر زەمینی کادۆسیەکان گەڵایەوە بۆ ئەکباتان، گوایە دوایی مۆڵەتی لە ئەستیاگ وەرگرتووە بچێت بۆ لای باوکی لە پارس، لەمەدا موغەکانیش هاوکاریان کرد، ئیتر ئاستیاگ ڕازی بوو سەردانی باوکی بکات، هیرۆدۆتیش لەم بارەیەوە نووسیویە: بەڵام لە ڕاستیدا کۆش دەیویست ڕابەری شۆڕشگێڕەکان بگرێتە ئەستۆی خۆی، کە (ئاترادات) پێشەوای مەزن بەڕپای کردبوو، لەم کاتەدا بەڵکەوت ژنێك پیلانەکەی دزیوە و ئاستیاگ پێی زانی و دەستوبرد کەوتە خۆ لە دژی یاخی بووەکان لەشکری کێشا.
ئەو کاتە هارپاگ نووسراوێکی بۆ کۆش نارد، کە لەفارس نیشتەجێ بوو، لەو نامەیەدا هارپاك کۆشی هاندا تا پارسیەکان بێنێتە شۆڕشەوە و بۆتەسەر ئاستیاگ، لەم ڕووەوە بەڵێنی پێدا گەورە پیاوانی لەشکری ماد، لەلایەن ئاستیاگەوە کراون بە فەرماندەی سوپا هەموویان لایەنگری ئەو دەکەن.
ئاستیاگ کە بەم خۆڕکخستنە سوپاییەی کۆشی زانی، ئەوی بانگ کرد، بۆ لای خۆی، بەڵام کۆش لەوەڵامدا شەڕ کردنی ڕاگەیاند، سەرچاوە بابلییەکان بەمجۆرە دەڵێن، کەشەڕ لەنێوان کۆش و ئاستیاگ سێ ساڵ درێژەی کێشا، بەم هۆیەوە هیرۆدۆت تەنیا باسی دوو شەڕ و شۆڕشی دوایی مادەکان دەکات، لەڕاستیدا بە ئاشکرا بگرە و بەردەو ڕووداوەکان بەکورتی باس دەکات، لەشەڕکدا هارپاك فەرماندە بووە و لەشەڕکی تردا ئاستیاگ خۆی. بەوتەی کتسیاس، ئاستیاگ لەسەرەتادا لەگەڵ لەشکری کۆشدا کەوتە شەڕەوە شکاندنی، ئاترادات پێشەوای مەردەکان لەشەردا کوژرا، ئینجا ئاستیاگ کەوتە شوێن پارسەکان و لەسەر زەمینی پارس (پرسید) لەبەرامبەر گەردنەیەك، کە لەبارەگای پادشایانی پارس واتا –پاسارگاد- کۆتایی پێ دێت، جارێکی تر

شکاندنیەوە، چەنەتی پارسەکان زۆر ناهەموار بوو، شکست یان بە ئاوەزی شکا، ژنان لە حەساری قەڵاکان دەهاتنە دەرەوە و هانی شەڕکەرەکانیان دەدا، پرسیان ئایا دەتانەوێ لەبکەنەوە ناو سکی دایکتان و ژنەکانتان بێننەوە.
ئەو شەڕە ئەوەندە بەئاستی و گەرم بووە، مادەکان لەناکاو لەشکرەکانی خۆیان لە سنوورەکاندا ئاگادارکردەوە و ماوەیان بە نابونید پاشای بابل دا، تاکو لە ساڵی 552 پێش زایین شاری حەران کە هێنی مادەکان بوو، لە ژوورووی (بین النهرێن) بیخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی.
لە گەرمەی شەڕی کۆش لەگەڵ ئاستیاگدا، هارپاگ، کە فەرماندەی لەشکری مادەکان بوو، لەگەڵ گەورە پیاوانی سوپا و سەرکردە لەشکرییەکاندا ئاستیاگی بەجێ هێشت و چوون بۆ لای کۆش و چوونە ناو ڕیزی لەشکرەکەیەوە.
لەوە بەدواوە هەواڵێك لە هیرۆدۆتەوە دەگێڕێتەوە، گوایە ئاستیاگ لەشەڕکدا دەستگیر کراوە، کە لە دواییدا ڕووی داوە، بەشێوەیەکی تر باس دەکات، چونکە بەر لە شەڕەکەی پاسارگاد باسی سێ شەڕی تر دەکات، پارسەکان تیایا سەرنەکەوتون، شەڕێك کە لەژێر دیواری حەساری قەڵای پاسارگاد ڕوویدا بوو، بە خاڵی گرینی چارەنووسی شەڕەکە، لەدوای ئەوە هێزەکانی سەر بە ماد، وەکو هیرکانیەکان و لە دواییدا پارتەکان ڕوویان کردە ناو پارسەکانەوە.
لەساڵی 550 پێش زایینی لەگەڵ خیانەتی هارپاگ و شەڕی سەروماڵی دەست پێدەکات، هیرکانیەکان و پارتەکان، ڕوویان کردە پارسەکان و ئاستیاگ هەوڵی دا، تاکو پەلاماری پارسەکان ڕابووەستێ و دوایی ڕای کرد، بۆ ئەکباتانا و پارسەکان پایتەختی مادیان داگیرکرد.
دوای ئەوە کتسیاس بە ڕوونی باسی ڕووداوەکە ناگێڕێتەوە، هەروەکو وترا شەڕ دوور و درێژ بووە، سەرکەوتن هەر تاوەی بەدەست لایەکەوە بوو، هەروەکو کتسیاس باسی شەڕەکان دەگێڕێتەوە، هێی بنەڕەتی سەرکەوتنەکەی کۆش هەمان خیانەتی گەورە پیاوە سوپاییەکانی مادە، کە هارپاگ سەرکردەی هەموویان بوو، هیرۆدۆت باسی ئەوە دەکات، بەڵام کتسیاس لەم بارەیەیەوە بۆ دەنگە، لەوە دەچێ پارچە پارچە بوونی هێزەکانی سەر بە ماد ئەوانیشی بەو خیانەتە دابێتە قەڵەم، وەکو سەرنج دراوە، لەنێو نووسینەکانی کتسیاسدا شتی ڕاست هەیە، مێژووی بابلی و نابونید و کتسیاس و هیرۆدۆت دەتوانین کۆبکەینەوە و لەنێوان هەموویاندا وێنەیەکی ڕاستی ڕووداوەکە بخەینە ڕوو.
هەواڵەکانی هیرۆدۆت ڕاستە، چونکە مێژووی ڕووداوەکانی بابل لایەنگیری ئەم نووسینەی هیرۆدۆت دەکەن، مێژووی ناوبراو ئەو ڕووداوانە لە ساڵی 550ی پێش زایین دەگێڕێتەوە، واتا کۆتایی

شەکە باس دەکات، بەنام دەبێ زانیارییەکانی کتسیاس لەبارەی قۆناغی سەرەتایی شەڕەکەوە بخرێتەسەر هەواڵەکانی هیرۆدۆت.
هیرۆدۆت لەبارەی دوا دەسەڵاتدارێتی ئاستیاگەوە بەم جۆرە دەڵێت: ئاستیاگ موغەکانی خنکاند – لەگەڵ ئەوەدا تا ئەو سەردەمە باشترین پەیوەندی لەگەڵیاندا بوو، چونکە ئامۆژگاریان کردبوو، کە ڕۆگای کچەکەش بدات بەوات، وەکو وتراوە بەشێك لە کاهینەکان – موغەکان لەگەڵ پارسە یاخیەکاندا پەیوەندییەکیان دروست کردبوو، لە ڕاستیدا دەبینین لە دوای ئەو ڕووداوانە موغەکانی دەرباری کۆشک و کۆمەکەی کمبوجیەی دووەم، گەلێك ڕێزیان لێگیراوە، سروشتی بیروباوەڕی ئایینی و چۆنێتی باری کۆمەڵایەتی کاهنەکان وا بووە، ماوەی نەدەدا ئەوانە ماوەیەکی درێژ خاوەنی سوود و خێر و بێری گشت خەڵك بن.
کۆتایی سەڵتەنەتی ئاستیاگ
لە دواییدا کە پارسەکان ڕووی لە سەرکەوتن بوون، ئاستیاگ هەموو دانیشتوانی ئەکباتانای پێ چەك کرد و لە حەساری شار هاتنە دەرەوە، بەنام دەرەقەتی پارسەکان نەهاتن و دیسانەوە شکان و ئاستیاگ بە دیل گیرا، گفتوگۆی هارپاگ لەگەڵ ئاستیاگ لەدوای گرتنی ئاستیاگ، هارپاك چووە لای خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بەرامبەر بەگیرانی، ئاستیاگ بە هارپاك دەڵێت: تۆ وەزیری حکومەتی من بووی، کە بەرزترین دەسەڵاتە لە دوای پاشا، ئەی لەوێ دەبی بەچی، هیرۆدۆت هارپاگ بەبێ ئەقڵترین و بێ ویژدان ترین کەس دادەنێ، پارسەکان ئەکباتانایان داگیرکرد، بەپێی مێژووی نابونید ئەکباتانایان تاڵان کرد و ژمارەیەك لە خەڵکەکانیان بە تاڵانی دەستگیرکرد و بردیانن.
بە وتەی کتسیاس ئاستیاگ دەمودەس دوا بە دوای شکستەکەی بەدیل نەگیرا، بەڵکو یەکەم جار ڕای کرد بێ ئەکباتانا و لەوێ خۆی شاردەوە، کۆشش دوای ئەوەی گەیشتە ئەکباتانا، فەرمانیدا ئامیتیدا کچی ئاستیاگ و مێردەکەی (ئاسپیتام) و کۆمەکانیان ئەسپیتاك و مهابران – ئازار بدەن، دوای ئەوە ئاستیاگ خۆیدا بەدەستەوە، تاکو ئەوانەی لە دەوروبەری ئەون ئازار نەدرێن.
ئاستیاگ لە کوشتن ڕزگاری بوو، (هردۆت و کتسیاس هەردووکیان باسی ئەمەیان کردووە، لەمێژووی ڕووداوەکانی بابلدا شتێك پێچەوانەی ئەم باسە نییە، بەوتەی کتسیاس بەناوی جێنشینی حاکمی هیرکانییەوە، زۆر بەڕێزەوە ناردرا بێ ئەو سەر زەمینە و دوورخرایەوە، بەنام ئەوەندەی پێنەچوو خواجەیەك کە ناوی (پتساگ) بوو (ئیبار) هانیدابوو بە بیانوی دیدەنی کچەکەیەوە، بردی بێ بیابانێك و لەوێ بەرەڵای کرد، تاکو بەسەرگەردانی لەبرساندا بمرێ. کتسیاس دەڵێ: دوای ئەوە ئامیتیدا چەرمەسەریەکی زۆری بێ پتساگ نایەوە، ئیبار خۆی کوشت، لەگەڵ ئەوەدا کۆشش نەیدەویست سزای بدات.

لەم نووسینانەی سەرەوەدا بەتەواوی دەردەکەوێ، مادەکان بەدرێژایی ڕۆژگاری شەڕ بەهێزەوە ڕاوەستان و ئەگەر گەورەکانی ماد لەناوخۆی کیشوەرەکەدا دەستیان بە خیانەت نەکردایە، حکومەت نەدەکەوتە دەست پارسەکان.
سەرکەوتنی کۆرش بەسەر ئاستیاگ دا ئەو سەرکەوتنەی، کە بەهۆی گەورەکانی مادەوە دەستی کەوتبوو، دەستەبەری ئەوە بوو، یاسای تازەی حکومەتی کۆرش بەڕاەت لەگەڵ مادەکاندا بگونجێ، بەم هۆیەوە لەگەڵ ئەوەدا کە ئەکباتانا تاڕان کرا و هەندێك لە مادەکان بەدیلی و بەتاڵانی دەستگیر کران و بران، بەڵام هەروەکو وتاتکی داگیرکراو و خەراج و باجیان خستنەسەر، لە وتەیەکی ئاستیاگ لەگەڵ هارپاگ، کە هیرۆدۆت باسی کردووە، ئاستیاگ دەڵێ: هارپاگ مادەکانی بەدیلی گەیاند، ئەگینا تا ئەو کاتەش مادەکان هەموو کارەکانیان بەدەستەوە بوو، تەنیا وەکو شتێکی ڕاەتی پارسەکان سەرکەوتوبوون، نوێنەرەکانی ئاسپارت خشاریاشایان بەپادشای مادەکان ناودەبرد، چەندان نموونەی تر لەم ڕووەوە هەیە، ئەوە دەزانین، یۆنانییەکان شەڕەکانی نێوان یۆنان و پارسیان بەشەڕی یۆنانییەکان و مادەکان ناودەبرد، لەگەڵ ئەمەشدا بێ ئەوەی ڕازی بکرێن، گەورەکانی ماد زنجیرە دەسەاتێکی گونجاویان پێدرا، بێ نموونە: کۆرش پادشایانی مادی نەگۆڕی و لەناوی نەبردن، بەکو خۆی کرد بەپادشای ماد و خۆی هەر بەناوی پێشووەوە ناونا پادشای پارس، تەنانەت لە زۆربەی نووسراوەکانی سەردەمی داریۆشی یەکەم، ماد و پارس لەووی کیشوەرەکانی تردا یەك بوون، لە نووسراوی نووسەرە یۆنانیەکاندا هاتووە ماوەیەك لە دوای ئەوە و لەکاتی زنجیرەی ناوی پیاوە گەورەکانی ئیمپڕاتۆریەتی هەخامەنشی، ناوی نوێنەرەکانی ماد دەبینین، یۆنانیەکان و هۆزەکانی ژێردەسات پادشای ئیمپڕاتۆریەتی هەخامەنشیان بەپاشای ماد ناودەبرد، لەگەڵ ئەوەدا کۆرش لە بابلدا پادشای مادی هێشتەوە و ساتراپێکی تیا دروست کرد و یەکەمین ساتراپی ماد ئویبار بوو.
بەوتەی کتسیاس کۆرش لەگەڵ کچی ئاستیاگ، کە ناوی ئامیتیدا بوو زەماوەندی کرد، ئەم هەواڵە لە گومان بەدەر نیە. لەاستیدا ناوی ئامی تیدا بەپێی وتەی بروس لەناو بنەماڵەی مادەکاندا بەکارهێنراوە، لەدواییدا بێ ناوی ژنە هەخامەنیشیەکان بەکارهاتووە، بەڵام پێشتر مێردەکەی ئامیتیدا (ئاسپیتام)ی کوشت، کە حەقداری تاج و تەخت و دوژمنی ئەو بوو. مەبەستی ئەوە بوو بێ داواکاری خۆی واتا حکومەتی (قانونی) بەسەر ئیمپڕاتۆری ئاستیاگ بکا بەبەگە.. لەنێوان مادەکان و پارسەکاندا – وەکو میسرییەکان نەریت وابوو، کچە زادە یان زاوا (مێردی کچ) ی پادشای پێشوو بەپێی

یاسا حوکمی وەات بکات.
ژمارەیەك لە گەورەکانی ماد چوونە لای کەش، وەکو هارپاگ، کە یەکێك بوو لەسەردارانی سوپای ماد، سێیەمین حاکمی کیشوەری لیدی بوو، هارپاگ یونیەی بە کەش داگیرکرد و حەزی نەدەکرد بگەڕێتەوە بۆ سەرزەمینی ماد، لەئاسیای بچووك جێگیر بوو، موڵك و زەوی و زارێکی زۆری خستە ژێر دەست خۆیەوە، لە لیکیە نووسراوێك بە زمانی لیکەیی و یۆنانی ماوەتەوە، لەو نووسراوەیەدا یەکێك لە نەوەی ئەوە (؟) کتسیاس دەڵێ: کوڕەکانی ئامیتیدا کە لە ئاسپیتام یەکەم مردەکەی ناویان ئاسپیتاگ و مهابرن – بوو، لەلایەن کەشەوە کرا بە ساتراپ و براکەی کە (پارمیس) کوڕی ناشەرعی ئاستیاگ یان کوڕی دایکی ئامیتیدا لەمردێکی تردەوە- یەکێك لەسەردارانی سوپایی پارس بووە، بەشێوەیەکی گشتی باسەکانی کتسیاس بەلای ماددا دادەتاشێ و ڕەقەبەری کەش دەکات، لەنووسراوی بێستوندا داریۆشی یەکەم ناوی هەندێك لەسەردارانی پارس دەبات کەمادی بوون، تەنانەت تا سەردەمی خشاریاشا ناوی هەندێك لەگەورەکانی پیاوانی مادی بردووە، کە لە دەرباری ئیدارەی هەخامەنشیەکاندا پلە و پایەیەکی بەرزیان بەودەستەوە بوو، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی تەنانەت گەورەکانی ماد، لەبارەی داگیرکردنی ئەو کیشوەرەوە لەلایەن پارسەکانەوە بۆ لایەن بوون، هەروەها لەسەردەمی داریوشی یەکەمدا گەلێك شوێن و پلە و پایەی گرنگیان بەدەستەوە بوو، بە تایبەتی نەوەی ئەو حەوت خانەدانەی کە لە کودەتاکەی داریوشدا بەشداریان کردووە، ژمارەیەکی کەم لە بنەماڵە و خانەدانەکانی ماد لەگەڵ گەورەکانی پارسدا تێکەڵ بوون و زۆربەی ئیشوکاری سادەیان گرتەدەست، یان لە ڕاگرتنی پێ لە ئاژاوە و سەرەتای سەڵتەنەتی داریوشی یەکەمدا (521- 522) پێش زایین، هەنگە لەسەردەمی خشاریاشا دیسان 484-486ی پێش زایینی دا لەناوچوون.
ئەمە بەسەرهات و مێژووی دوا پادشای ماد و سەڵتەنەتی ئاستیاگ بوو، بە ڕای زۆربەی مێژوونووسانی ئەو سەردەمە، کە بە دیقەتەوە ڕووداوەکانیان تۆمار کردووە، ئایا کۆتایی سەڵتەنەتی ئاستیاگ، کوڕی لە کۆتایی زوحاك یا ئاژدەهاکی ماربەشان دەچێت، هیچ باسێك لە زۆمی ئاستیاگ و چەکوشەکەی کاوە و پەلاماره لە ناکاوەی فەرەیدون نیە، هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن، شەی هەخامەنشی لەگەڵ ماد، کەش لەگەڵ ئاستیاگ لە ساڵی 553 تا 550 پێش زایین درێژەی کێشا و شەڕەوام بووە، لە شەڕیشدا هەرجارە لایەکیان سەردەکەوت، تا دواجار بەهۆی خیانەتی هارپاك و پیاوە گەورەکانی ماد پارسەکان توانیان بە تەواوی سەرکەون، بەم جۆرە ڕووداوێکی مێژوویی لەگەڵ ئەفسانە تێکەڵ دەکەن، بەداخەوە کورد تائێستاش ڕابردووی خۆی خۆشناوێت و بەرامبەر

بە مژوو و کەلتوور و سیاسەت و خانەدان و پیاوە گەورە و کەسایەتیە قارەمانەکانی ئابردووی خۆی کەمتەرخەمە، زۆر بەسادەیی و بێباکانە دەست لە خاك و خەڵك و مژووی خۆی هەدەگرێ، بێ دراوسێ و لایەنانی تر، هەر قسەیەك گومان بخاتە سەر ئابردووی، بێ چەند و چوون باوەڕی پێ دێنێ، دەبێ کەی ئەو ڕۆژە بێت ئێمەش بەدوای مژووی دزراوی خۆماندا بگەڕێین و بیدۆزینەوە و وەری بگرینەوە، دواجار ماڵ بێ خاوەن ماڵ بگەڕێتەوە.
ئەم بابەتە لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:
1- ئی. م. دیانۆکۆف، میدیا، وەرگێڕانی: بورهان قانع، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری- هەولێر، 2008.
2- حەبیبوڵڵای تابانی، هاونەتەوەیی کورد و ماد، وەرگێڕانی: جەلیل گادانی، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر، 2010.

ئامانجێ ترسناکێکانی پوتین.. ئاوات ئەسعەدی

داوا، یان بێ زمانێکی ڕۆشنتر، پێوپاگەندی روسیا سەبارەت بە "مافی ئەوا"ی ئەو ووڵاتە، لە "دوورخستنەوەی ناتۆ لە سنووردکانی"، کەم و زۆر بوونەتە بابەتێک، کە نزیک هەر بووەتە پاساو دانوەی شۆڕشی دەسدرۆکارانێ بە سەر ئۆکرانیای لەقوماو، بەڵکو بووەتە ئاوەژوی ناتۆ و ڕۆژئاوا بخرێنە بەر ڕۆژنەی ڕەخنە، تەنانەت بگاتە ئاوەژوی، "بەشێک" لە تاوانی ئەم جەنگەی ئیستەی پوتین دژ بە ئۆکرانیا، بخرێتە ئەستەی ڕۆژئاوا.
ئەم لێکدانەوە چاوپێشی لە زۆر شتی گرنگ ئۆکات و بەدەنگەوە لە ئاستی گەلێ ئاستی تردا.
لە سەرەتاوە سەبارەت بە روسیاوە ناکرێت ئەمانە لەبیر بکرێن: لە پاش دووەم جەنگی جیهان یەکێتی سۆڤیەت، نزیک ڕۆژئاوا، ببوو بەهایەکی زۆر گەورە بە هەموو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و کەسیش گومانی لەوە نیە، کە "هەموو ئازادیەکی" لە زەوتکردبوون.. تاوانکانی سۆڤیەت لە بەرلین لە 1953، لە بودابەست لە 1956 لە پراگ لە 1968 لەبیرناکرێن... هی تریش هەن.
جا کەسێک ڕوخانی ئەو سیستەمە تیرۆرەی یەکێتی سۆڤیەتی دژ بە

ئازادی مرۆڤ بە "گەورەترین کارەساتی جیۆپۆلیتیکی سەدەی بیستەم" ناوببات، (ئەمە وتەی ڤلادیمیر پوتین خۆیەتی) بەگومان بەدوای شتی تردایە نەک ئاسایشی وڵاتەکەی، نەک سنورەکانی ناتۆ.
کێشەیەکی ترسناکیش لەم گۆشە نیگایەوە ئاوایە، وەک چاودێرێکی روسی ڤلادیسلاڤ ئینسەمت ئاماژەت: زۆرینەی گەلی روسیا بیری ئیمپریالیستانەی هەیە، هەر وەک پوتین، ئۆکرانیا بە خاکی خۆیان ئەزانن. پوتینیش خۆی چەندین جار دووپاتی کردۆتەوە بەشێوەیەک لە شێوەکان، کە ئۆکرانیا، کەمو زۆر، مافی دەوڵەتبوونیان "نیە".

ئەو داوایەی پوتین خستبویە بەردەم ناتۆ لە دیسەمبەری 2021، نەک تەنیا ڕەتکردنەوەی داوای ئۆکرانیا بوو لە بوونی بە ئەندام لە ناتۆ، بەڵکو وەرنەگرتنی فنلەندەو سویدیشی گرتبووە خۆ! ئەمەو سەرەڕای داوای گەڕانەوەی هەیکەلیەتی ناتۆ لە ئەورووپا بە ساڵانی 1997. لەمانەش پڕووتر ئەو خاڵە بوو، کە ئەم داوایانە لە ڕوانگەی مۆسکۆوە بابەتی "گفتوگۆکردن نین". بەڵکو وەک فەرمانێک وا بن بەسەر ناتۆیا، کە ئەبێت جێبەجێ بکرێن. ئۆگەر نا، ئەوا ڕوسیا پەنا ئەباتە بەر "هەکارە سەربازی و تەکنیکیەکان". واتە هەر لەسەرەتاوە پوتین مەبەستی شەڕ و پڕلاماردان بوو. بەیش هەندە لە داواکانی تەعجیزی بن بەهەموو واتایەکی وشە. تەنانەت ئەم داوایەی پوتین دوو ڕۆژ دوای گەیاندنی بە ناتۆ بەدەستی قەستی مۆسکۆ بەاوی کردەوە.
ئەم داوایە هەر لەناوەڕۆکدا چەندین پێشێلکردنی لە خۆگرتبوو. گرنگتریان سەبارەت بە ئۆکرانیاوە بوو: بە پێی ڕێکەوتنامەی بەداپێستی 1994 ڕوسیا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو بەریتانیا تەئمینی ئەویان دابوو بەو وڵاتە، کە بە تەسلیم کردنی چەکە ئەتۆمیەکانی سەقیەت بە ڕوسیا "سەروەری و سنوورەکانی" بپارێزرێن. ئەم کارە کاتی خۆی بە هیچ کێشەیەک دوایی هات… کەچی ئۆکرانیا هەر لە 2014 ڕاستەخۆ دووچاری دەستدرێژی مۆسکۆ بوو، ئەویش بە داگیرکردنی دورگەی قرم و لکانی بەزۆری ی ئەو دورگەیە بە ڕوسیاوە. ئەمەش پێشێلکردنێکی قورسی قانونی نێودەوڵەتی بوو.
ئەمە لە کاتێکدا کە ئۆکرانیا هیچ کاتێک مەترسی نەبووەو نیەو ناشبێت بە ڕوسیای خاوەن چەکی ئەتۆمی و خاوەن گەورەترین ڕووبەری سەر ئەم زەویە.
لەمەش بترازێت بە پێی ڕێکەتنامەی ناتۆ و ڕوسیای ساڵی 1997 ناتۆ پابەندی ئەوە بوو، بەرژەوەندیەکانی ڕوسیا لە ڕووی ئاسایشەوە لەبەرچاوبگرێت و یەکەی سەربازی گەورەو، بە شێوەی بەردەوام، لە وڵاتانی ئەندامی پێشووتری پەیمانی وارشۆ دانانێت، جگە لە یەکەکانی eFP، کە هەرگیز نابونەتە مایەی هەڕەشە بە ڕوسیا.

کەواتە هیچ شتێک لە ئارادا نیە، کە ناتۆ لەئاستی روسیا پێشێلکاری کردبێت و ببێتە پاساوێک بۆ دەستدرێژی پوتین بۆ سەر ئۆکرانیا. ئۆکرانیا یەکەم وەستگەی پێلاماری روسیای پوتین نیە. هەر ئەم پوتینەش بوو، کە لە 2008 سنورە نێودەوڵەتیەکانی بڕاندو، پێلاماری گورجستانی داو، خوێنی پتر لە 1500 مرۆڤ رژێنرا. با کارەساتی گەلانی کەفکاس لە سیاسەتی دەندایەتی روسیا لەناوەوەی سنووری روسیا "لەولاوە بوەستن"…
پوتین بۆ پێلاماردانی ئۆکرانیا، شتێکی دیکەشی ئیسپات کرد، کە هیچ ئیعتیبارێک بۆ ئەڵمانیا و فەرەنسە لە ئەوروپا دانانێت. بەرلین و پاریس خاوەنی پرسەی ئاشتی ئۆکرانیا "مینسک" بوون.

ڕەفتاری پوتین هاوکێی گەورەی دیکەشی لێوەدێت: "دروسکردنەوەی زلهێزیتی روسیای" یان وەک لەسەروە ئاماژەمان پێدا، ئیمپریالی روسی بەو بڕوایەی، کە بشتوانێت ببێتە جەمسەرێکی هاوچاو لە بەرامبەر ئەمریکا و ئەورپا. ئەمەش بگومان وەک سیستەمێکی دیکتاتۆری و دژ بەئازادی ڕژئاوا. مەسکە لەم هەنگاوەیدا لەو ڕووەوە "سەرکەوتووە"، کە سێ لە دەندەترین ڕژەمەکانی جیهان (سوریا و بەلاروس و کەریای باکوور) چەپڵەی بۆ لێدەدەن. هەروەها "نەیاران"ی ڕژئاواش، بەتایبەتیش سیستەمێ ئیستیبدادیەکان، لەبەر هەر هەیەک بێت، لەوێ ئامانجێکی وای پوتین بۆ کارێکی باش بزانن. هەوەستی چین و هیندستانیش وا ئاسان نابێت بۆ روسیا بۆ ئەم بابەتە.
لایەنکەی دیکەی پێلاماردانی ئۆکرانیا پێیوندی بە عەقلیەتی سیستەمکەوە هەیە. بۆ پوتین هەر سیستەمێک، کە تەزقالێک بێنی ئازادی و دیموکراتیەتی لەوە بێت، خەترناکە. ئۆکرانیاش بەو ڕگەوەیە.
ئەو سیستەمەی پوتین هەوڵی بۆ ئەدات، بەلایەنی کەمەوە، سیستەمێکە بۆ تۆندی دژی بیرورای جیاواز: تەنیا دەست و دوژمن هەیە لەو سیستەمەدا. ئەو کەسانەی لەگەڵ سیاسەتی پوتین نین، پوتین بۆ کەسانی "بەفڕ و خاین" دایان ئەنێت، وەک "مشولێک، کە بەهۆی هاتبڕتنە سەر لەوی مرۆڤ و بۆ ئاسانی تفیان لێبکرێت." ئەمە قسەی پوتین خۆیەتی. داوای لێبوردن لە خوێنەر ئەکەم لە نووسینەوەی ئەم ڕستە ناشیرینە. بەڵام هەق نیە، ماهیەتی پوتین بناسرێت.

سەبارەت بە ناتۆش سێ خاڵ شایستەی ئاماژەپێدانن:

1. مژووی هاوچەرخی ناتۆ مژووی چەوساندەوەی ئەندامەکانی نیە و نەبوە. هیچ کاتێک ناتۆ لە ئەورپا روداوێکی وا خوێناوی

تەمارنەکردووە، کە وڵاتێکی "زلهێز" لە کاروباری ناوخۆی وڵاتانی ئەندامیدا دەستوەردەگلێنی. یاخود بە زۆری هێز دەسەپێنات بگرێت.

2. تەنیا و تەنیا ترسە لە روسیا، کە پاڵ بە وڵاتانی ئەورووپاوە بنێت، ببنە ئەندامی ناتۆ، نەک مەترسی بێت لە ئەمریکا. تەنانەت وڵاتانی بەڵایەنیش، وەک فنلەندە و سوید، ئێستە بیر لە بوونە ئەندامی ناتۆ ئەکەنەوە. چونکە روسیا "ئەمانی نیە".

3. ناتۆ هاوپەیمانێتیکی بەرگریکارە نەک هێرشبەر. بە رووبەڕووبونەوەی ئەم خاڵە پەم چاکە ئاماژە بە شتێک بدەم: تورکیا، کە بەشێک تاریکترین پەڕەی ئەندامانی ناتۆیە و دەوڵەتێکی شێخوازە و دیموکراتیش نیە، ئەمەش بە پێچەوانەی 29 ئەندامەکەی دیکە، کاتێ کە لە مانگی دووی 2020 پتر لە 30 سەربازی لە نزیک ئیدلبی سوریا تیاچوون، بەی نەبوو داوای خستنە کاری ماددەی 5 پەیمانی ناتۆ بدات و بەمەش ئەندامان لە شێوە خوێناوی و دەندانەکیەوە بگلێنێ. چونکە سەربازەکان لە دژەوی سنوورەکانی تورکیادا کارا بوون، نەک ناو سنوورەکانی تورکیا.

میکائیل گۆربۆتشۆف لە ساڵی 2019 بە سەرکی ئۆو دەمەی ئەڵمانیا، کریستیان ڤۆلف، ی راگەیاندبوو، کە دەسەڵاتدارانی روسیا "یادەوەریکانی ستالین دەننەوەو خەریکن، دەوری ئۆو دیکتاتۆرە چەواشە بکەنەوە." لای کەس شاراوە نیە: ستالین دیکتاتۆرێکی دەندەو مرۆڤ کوژ بوو. جا تە بەیت، لە خۆایی بووبێت، کە سەرکی ئەمریکای ئیستە، جۆ بایدن، لە کاتی دەسەڵاتگرتنیدا لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ کەنالی ABC بە خۆایی پوتینی بە "پیاکوژ" ناوبردبێت؟

ئامانجی فراوانخوازی وشەرخوازی و دیکتاتۆریەتی پوتین مەترسیەکی جیدین بۆ ئاسایشی ئەوروپا و تارادەیەکیش بۆ جیهان.

حاڵباشی ساختەن... نەوزاد بەندی

(لە ئاستیدا ئەم کەمێنتکمانە لە گفتوگۆیەکی تایدیەک درێژ سەبارەت بە هەڵگرتن و ئاکشانی بارەکە لەلایەن خەڵکەوە هەرچەندە زۆر قورس و تاقەتپڕوکێنیش ، حەزم کرد وەک کورتە ووتارێک بیخەمە بەر دیدی خوێنەران)

ئایا کەسێک لە چەند ساڵێکدا دەوڵەمەند کراوە ، بە دەوڵەمەند دادەنرێت ؟ یان کەسێک لە چەند ساڵێکدا هەژار کراوە ، بە هەژار دادەنرێت ؟
کێشەکە لێرەدایە ، لێرە نە دەوڵەمەندکەی بناغەیەکی مێژوویی دەوڵەمەندیی هەیە ، نە هەژارکەیشی هەڵکارێکی تەماشەیی و گەمژەیی لە پشت هەژاریەکەیەوە وەستاوە ..بە پێچەوانەوە ، زۆرترین چینی هەژار لە هەڵگری بڕوانامە وەشنبیرکانن ..بە پێچەوانەوە زۆرترینی چینی دەوڵەمەند ، خەڵکی و ناشکی و نەخوێندەوار و ناشنبیرن ..
پرسیارەکە لێرەدایە ، بۆچی ئەم چینە ناشنبیرە هەژارە یەکناگرن و گەندەڵکاریی ناکەن ؟
خۆت لە وەڵامەکەتدا ئاماژەی : (منێک کە تا ئایدیەک حاڵم باشە ..) هەمووان لەبەر بارێکی دەروونی و کەمایەتی وا خەیان دەردەخەن کە تا ئایدیەک حاڵیان باشە ..ئەم خەدڕخستنە بۆەی کە تا ئایدیەک حاڵی ناشنبیرە هەژارخراوەکان باشە ، کارێک دەکات ئاگەر قەرزیشمان کردووە ، بەنزینی گران بکەینە ئوتومبیلەکانمان .. ئاگەر قەرزیشمان کردووە ، جلی کوردی بە نەورۆز بدووڕین ..ئاگەر بە قەرزیشمان کردووە بچینە گەشت و سەیران ..ئەمەیش کەسێکی سەرقاڵ دروست ئەکات کە نایپەرژێتە سەر گەندەڵکاریی ئیشەیی کەمەگا ..کەسێک کە سەرقاڵ بەخەیەوە چۆن وای دەربخات کە تا ئایدیەک حاڵی باشە ..کەسێک کە خەبەخشە و یەک دینار وەرناگرێت و دەوامیش دەکات ، چۆن وا بکات ، هەژانە جلی تازە و ئێکسسواری تازە و عەتری تازە بەکاربێنە ؟ ئەم دەخە ، کەسێکی سەرقاڵ دروستئەکات بە گەندەڵی ناشباش، لە کاتێکدا حاڵی زۆر خراپە ..کەسێکی کە بەردەوام سەرقاڵی درکردنە لەگەڵ خەی و کەمەگادا تا بە حاڵباشیی دەرکەوە ، ناتوانێ کەبوونەوەی جەماوەری وشکەش و گەندەڵکاریی دروست بکات ..یان ئاستێر ئەو لێناخەوە بئەوەی هەستی پێبکا ، بەردەوام خەریکی شکەش و گەندەڵکاریی درێیە لە خەیدا هەتا وەکو حاڵباش دەربکەوە ..ئەوەتا جێنابی وەزیری گەندەڵکاریەکانی دارایی

ئەم : ئەم سیرانکەرە بە کۆمەڵە دەرخەری ئەوەن خەڵکەکە حاڵباشن ..
لەبەر ئەوە ئەم چینە هەژارخراوە پاراوەزخراوە ئێکتەرە ماندووە لە بواری خۆدەرخستن بە ستایلی حاڵباشییەوە ، بە هیچ جۆرە نایەوە کەبوونەوە دروست بکا ..نایەوە تەنانەت براکەیشی نزیکی بکەوێتەوە ، هەتا دەستکەی کەشف نەبێ ، چونکە بەهەژار دەرکەوتن لە لای ئەو (کە لە ڕاستیدا هەژاریش) شکست و ئاڵای سپی هەڵکردنە ..
بەگومان ئەم دەخڵیشە زۆر لە خزمەتی چینە دەوڵەمەندە هەڵشکێنەکەدایە ، چونکە ماندوو نابێ ..تەنانەت کە بەگانەیەک یان کەناڵەکی ڕاگەیاندنی جیهانیی دەتە شارەکان ، هیچ ڕوو زەردییەک توشی دەسەڵاتە دەوڵەمەندە خەڵکییەکە نابێ ، ئەوەتا خەڵک هەمووی جلی جوانە ..ئوتوکراوە ..ئوتومبیلەکی زۆر دەت و ئەچێ .. چێشتخانە و مۆڵ و سینەما و سیرانگاکان پڕن لە هاوشکڵ ..کەواتە خەڵکەکە دەخڵش و دەوڵەمەندن ..
یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی کەبوونەوەی خەڵک و گۆڕانکاریی ، ڕاستگۆییە ..لە نەبوونی ڕاستگۆییدا ، نە ڕەوخساری ڕاستەقینەی کەمەڵگا دەردەکەوێ .. نە دەرد و ئازار و هەژارییەکەی دەردەکەوێ ..نە هەستی نەتەوایەتی و مرۆڤایەتیی دەمزەرد ئەبەتەوە ..
بە پێچەوانەوە ، میللەتێکی پشتە وپەرداخی تەزویر ..گۆشتیاری ساختە ..پێکەنینی درۆ ..حاڵباشی وەران ،دەتە دی ..کەسکیش ئەو هەموو زەبرە لە خەی و کەسایەتی خەی بدات، هەرگیز شانش و گۆڕانکاریی پێ ناکرێت .. گەر بتە سەر شەقامیش ، بەخەی سەلماندووە کە چەند خولەکێک و ..ئیتر ئەواتەوە بە لای حاڵباشی ونواندنەکەی خەی ، واتا بە خەی سەلماندووە کە تەنها خەنمایشکردنەکە و دوور و نزیک پەیوەندی بە گۆڕانکارییەوە نییە .
(لە ڕاستیدا ئەم نیشاندانی حاڵباشییەش ، خەی لە خەیدا ڕەگێکی دەروونیی قوڵی هەیە ، چونکە ئەو خەڵکە لە بنەڕەتدا دەوڵەمەندی بەشەرەف بوون و لەم سیستەمدا هەژار کەوتوون ، یان شایانی ئەوەن دەوڵەمەند بن و بواریان پێنەدراوە و پەراوێز خراون ، لەبەرئەوە ناتوانن خۆیان بە هەژار نیشان بدەن ، چونکە لە هەبوونی سیستەمێکی دادپەروەردا ئەوان دەوڵەمەند و دەستەیشتوون ، هەر بۆیە خۆنیشاندان بە حاڵباش و دەوڵەمەند ، دەخێکی دەروونیی خۆمگینی هەیە کە لە ڕاستیدا گوزارشتە لە دەخێکی دزراو کە نادەبوو بدزرێت لێیان)

دوو تێکستی دی لە (فازێ عەزاوی)ـەوە... و: نەژاد عزیز سورمێ

- ئاهەنگ

کەس دوا نەکەوتبوو
قابیل لە ئاشپەزخانەدا
چەقۆکەی تیژ دەکردەوە
(نووح)یش لە هۆڵەکەدا چاودێری دەکا
بۆاوکراوەی کەش و هەوایش لە تەلەڤزیۆن .
هەموویان بە ئاتەمبیلەکانی خۆیان گەیشتن
پاشان لە کۆڵانی درۆزووکانیدا ون بوون
دەچوونە ئاهەنگەکە .
لەوێدا
ژنێکی جوانمان بینی
سەمای لە مەیدانێدا دەکرد و
شۆخی خۆی
لەو دیو
کراسی ڕووبەدەرییەوە
پێشان دەداین
لەگەڵ میوانان دانیشتین
پیاڵەمان تا کەیل بوون هەڵدا .
شەوێ گەڵاینەوە ماڵەکانمان
گۆچانە بزربووەکەیمان
بە کوێرەکە گەڵاندەوە
تەوری خوێناویشمان بە بکوژ ..
ڕاستیی ئاهەنگێك بوو
وەك هەر ئاهەنگێکی دی .

• **كه دواجار بەربەرەكان گەيشتن**

لە نێوان شەو و ژێكدا
جيهان لە بارێكەوە بۆ بارێكى دى گۆڕا :
ناكاو پاشاى تۆقيو بە ناو تاريكاييدا هەڵات
پێستى خاراوى دەرباز بكا
حەكيمەكان
نووسراوە دێرينە پيرۆزەكانييان
لە ژێر قەدى درەختى باخچان شاردەوە
سياسييەكان كۆنە بزگوێيان پێشى و
لەناو خەڵكيدا ون بوون
قومارباز‌ەكان لە مەيدانى شارن .

فەرماندەى سوپا
شمشێرى زێڕينى
بە داگيركارى نوێ بەخشى
بەرەوبەرى پۆليس
سەداركانى لە مەيدانە گشتييەكاندا
بۆ ئاژاوەگێڕە بكارەكان هەڵخستن
شاعيران
قەسيدەى درۆژى پياهەڵدانيان هۆنييەوە
بە پيتى زێڕين نەخشاندياں
بە پەردەى كابەيان هەواسى
بەرەوبەرى شارەوانى بە خۆى
وتارى پێشوازى ئامادە كرد .

لە نێوان شەو و ژێكدا
جيهان
لە بارێكەوە بۆ بارێكى دى گۆڕا :
بەيداخى ڕەشى بتپەرستانيان
لەسەر مناڕە و ماڵان هەڵكرد
كاهينەكان
خواوەندە شێردراوەكانى ژێر تاريكايى سەردەمەكان
لە حەشارگەى ئەشكەوتان لە چياكاندا
هێنايە دەر
لە كاتەكدا بەندگەكان
بە سەاوات و لاوانەوە
بۆ(لات) و (عززى) و (مەنات) ى

سێیەکەی دی
لەسەر قوللەکان دەنگی دەدایەوە ..

دواجار
پاش هەزار ساڵ چاوەڕوانی
بەربەرەکان گەیشتن .

(*) ئەم دوو تێکستە لەم دوو ماڵپەڕەی خوارەوە کراون بە کوردی .

بڕوانە :
https://albaleegh.com/poet/%D9%81%D8%A7%D8%B6%D9%84_%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B2%D8%A7%D9%88%D9%8A/poem/%D8%A7%D9%84%D8%AD%D9%81%D9%84%D8%A9
هەروەها :
https://archive.alsharekh.org/Articles/194/20548/466320

https://albaleegh.com/poet/%D9%81%D8%A7%D8%B6%D9%84_%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B2%D8%A7%D9%88%D9%8A/poem/%D8%A7%D9%84%D8%AD%D9%81%D9%84%D8%A9

نەمری بۆ شەهیدانی شیوعی.. ئەحمەد رەجەب

لە ڕۆژی دامەزراندنی حزبی شیوعی عێراق تا ئەمڕۆ هەندی سەرلێشێواوو دوژمنانی چینایەتی و هەندی لەو کەسانەی ناوی خۆیان ناوە سیاسەتمەدار بۆ وچان هێرشیان کردووەتە سەر شیوعییەکان و حزبە نەبەزەکەیان ، بەناو شیوعییەکان بەبۆ گوتدان بەو جۆرە پروپاگەندە هیچ و پوچانە هەردەم لە ریزی پێشەوەی تێکۆشانی گەل و نیشتمان بوون و، گیانی خۆیان بەختکردووەو بە خوێنی ئاڵیان بەرگریان لە سەربەرزی گەل و نیشتمان کردووە.
لە وتامدانەوەی چەکاوخۆرو دوژمنانی حزبی شیوعی و، بۆ مێژوو ئەوان {42} ساڵ بەر لە ئیستاو لە م ڕۆژەدا، ڕۆژی (24) ی ئاداری ساڵی (1980) ڕژێمی لەرزکی بەغدا بۆ تێقاندن و داپڵۆسینی جەماوەرو بە

هێی جەژنی نەورۆزەوە هێزێکی گەورەی سەربازو جاشی هێنابووە شاری سلێمانی و لە حاڵەتی ئامادەباش بوو، ڕشمەرگە ئازاو دڵێرەکانی (حزبی شیوعی عێراق) داستانێکی پر لە قارەمانێتی و خۆبەخت کردنیان تۆمار کرد.
بەڕۆ، مەفرەزەیەکی قارەمانی حزب کە لە (16) پێشمەرگە پێك هاتبوو، بەیانی زوو دێی زۆڵی بناری شاخی سەرکەشی پیرەمەگروونی بەجێ هێشت و بەو سەرماو سۆڵەیەو، لە پاش بەفرشکاندن و چوونە سەرشاخ و دابەزین بێ دامێنی شاخەکە، کەێ بوونە هێیەکی سەرەکی هیلاك و ماندوو بوونی پێشمەرگەکان ، مەفرەزەکە لە کاتژمێری (11) دا چووە ناو دێی قزلەری سەر بە ناحیەی سەرچنار بێ حەسانەوەو نانخواردن، بەیام لە پاش کاتژمێرێك هەڵکۆپتەرەکانی دوژمن هاتنە ئاسمانی دێکە{من و هاورێی تێکۆشەر ڕەووف ڕەشید – بێکەس} پاسەوان بووین و، هەڵیکۆپتەرەکان یەکسەر سەربازو جاشیان هەڵرشت و زوو بە زوو لە هەردوولا دەست کرا بە تەقەکردن و، دوژمن پەیتا پەیتا سەربازو جاشی ئەهێناو ژمارەی هەڵکۆپتەرەکانی گەیاندە 19 و، لەم داستانە شکۆدارەدا ئەم هاورێیانە شەهید بوون:
1- عومەر حەمە بچکۆل (مەلا حسین) کرێکاری کارگەی تەنقیحی سلێمانی.
2- شەفیق کریم (شاهێ) مامۆستای زمانی ئینگلیزی لە سانەوی ڕۆشنبیر – سلێمانی،
3- موعتەسەم عەبدولکەریم (أبو زەهرە) ، هونەرمەندو وێنەکێش {شێوەکار}.
4- حەسەن ڕەشید (فەلاح) – کرێکارو لێپرسراوی هێزی پاراستنی بارەگای کۆمیتەی ناوەندی لە بەغدا..
5- کەمال مام هەمزە (هەژار) کرێکار، سلێمانی.
شایانی باسە ساڵی (1980) بە هێی باران و تەروتووشییەوە ئاهەنگەکانی نەورۆز خرابوونە ڕۆژی (24) ی مانگ و هێزەکانی دوژمن لە سەرپێ بوون بێ سەرکوتکردنی هێزە بەرهەستکارەکان.
دوژمنی ترسنۆك بە شێوەیەك هاتبوو، ئەیزانی مەفرەزەکە (16) کەسەو چەکەکانیان زۆر خراپە، بە خەیاڵی خاوی خێی هاتبوو مەفرەزەکە دەستگیر بکات، لە راستیدا چەکی پێشمەرگەکان چەکی شەر کردن نەبوو، بریتی بوون لە (2) کلاشنکۆف و (8) ژۆسێ و (5) ماوو* یەك برنەو، هەموو ئەو چەکانەش کۆن بوون و، لە کاتی تەقە کردندا ئەوەستان، بەیام سەرەڕای هەموو ئەو کێسپ و تەگەرەیە حەماس و وڕەی بەرزی پێشمەرگەو هاورێیان لە پەڕەسەندندا بوو.
پاش ماوەیەك شەر کردن مەفرەزەیەکی دڵێری پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە سەرکایەتی ئیسماعیل گەورەدێی لە قۆی

چۆخماخەوە خۆی گەیاندە گەرمەی شەرەکەو هاتن بە هانای برا پێشمەرگەکانیانەوەو، شەهاب پێشمەرگەی دلێری یەکێتی کوردستان لە شەرەکەدا بریندار بوو، لە کاتژمێری (6) ی ئێوارە دوژمن کەوتە پاشەکشێ و کێکردنەوەی زیانەکانی و بەرووەشی بێ مێگاو تەویلەکانی خۆی گەرایەوە.

*** ئەمانەی خوارەوە (مەفرەزە (16) کەسەکەیە کەێ بەشداربووانی داستانی قزلەر:

1- حەمە کەریم قەرەچەتانی (حەمەسالەح) فەرماندەو بەرپرسی عەسکەری، 2- حەسەن رەشید{ فەلاح}3- کەمال مام هەمزە {هەژار} 4- عمر حەمە بچکێل }ملا حسین} 5 معتصم عبدالکریم {أبو زەهرە} 6- مامێستا شەفیق کەریم {شاهێ} 7- صلاح حەسەن {مامێستا خالید} 8- سەرباز مەلا ئەحمەد بانیخێلانی {سەرباز} 9- عومەر عەلی { بێ رێزو خێشەویستی عمر میم سەلما} 10- جەمال ئەمین {مامێستا جەمال} 11- حەمەسالەح سورداشی {مامێستا سەردار} 12- رەووف رەشید {بێکەس برای شەهید حەسەن رەشید} 13- محەمەد مەزلزم {أبو محەمەد} 14- بورهان ئەحمەد {عەتا} 15 ــ ئەحمەد رەجەب {سیروان} ، (16 ــ عەدنان تاێەقانی ـــ ئەبو هیمن، خاین لەلایەن ئیستخبارات و بەریوەبەرایەتی ئەمن کرابوو بە چێکاوخورو سیخور).

{3} هاورێ لەو هاورێیانەی بەشداری شەری قزلەریان کرد لە شوێنی تردا شەهید بوون:

1 – سەرباز ئەحمەد بانیخێلانی لە داستانەکەی بەکربایفدا بە دەستی جاشەکانی رووبەرەش و تاونباری خوێنرێژ تەحسین شاوەیس شەهید کراو شایەنی ئاماژە پێدانە ب ریسوایی و شەرمەزاری تەحسینی جاش بە پلەی بەرز خانەنشینە لە سەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان.

2- عومەر عەلی (عومەری پورە سەلما) لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکێکی حزب و پێشمەرگایەتی لە رووباری چەمی سووڕەبان لە نزیك دێی چاێە خەزێنە خنکاوو شەهید بوو.

3- سەلاحەدین حەسەن (مامێستا خالید) ئەندامی مەکتەبی محەلی سلیمانی لە کاتی ئەنفالە بەدناو چەپەڵەکەی رژێمی بەعسی ترسنۆکدا 1988 کەوتە داوی چەتەو چێکاوخێرەکانی رژێم و شەهید کرا.

سەرکەوێ خەباتی رەوای حزبی شیوعی عێراق لە پێناو ئاواتەکانی گەل و نیشتمان..

مردن و سەرشۆری بێ دێژمنانی شیوعییەت…

سیکولاریزم و چند سرنجک... 5 ... شماره باروانی

بەشی پێنجەم...

دەوڵەتی سیکولاریزم، دەوڵەتی ئایینێك، گرووپ و مەزهەبێك، ئایدیۆلۆژیا و حزبێکی ئایینی، فیرقەیەکی دیاری کراو بەتەنها موکی ئۆقیدەیەك نییە. سیکولاریزم دەبێت دەوڵەت،

دەوڵەتێک بێت، بە هەموان بێت. ژیانی هەموو مرۆڤایەتی تێدا بەرجەستەبێت. کەرامەت و سەروگیان و حەزکانیان تێدا پارێزراوبێت. دەوڵەتێک بێت، جێگای ئازادییەکانی تێدا ببێتەوە. دەوڵەتێک بێت، کەس لەسەر ئایین و ئۆقیدی ئایینی، لەسەر مەزهەبی جیاواز و دیدنیگای جیاواز و بیروباوەڕی جیاواز، تیرۆر نەکرێت و ئەشکەنجەو ئازار و زیندانی و بە سەرو شوێن نەکرێت.

دەوڵەتێک بێت ئایندار و لائیکەك، بەوادار و گومانگرایەك بە یەکسانی جێگایان تێدا ببێتەوەو جیاوازی لەنێوان هیچ مرۆڤك نەکرێت، لەسەر بنەمای جیاوازی ئایینی، مەزهەبی، نەتەوەیی و ڕەنگ و ڕەگەز. دەوڵەتێک بێت، خۆشویستی تێدا ئایین و مرۆڤایەتی ببەزبێت. دەوڵەتێک بێت، رق و دەمارگیری، ڕەگەزپەرستی و یەکترسینەوە، تیرۆر و کوشتن و تووندوتیژی، فەندەمێنتالیزمی ئایینی و بیری ڕادیکاڵیەت،

دەگمی بێرد و حوکمی شمشێر و هێڕشی سەربین و زمان قرتاندن و دەست و پێ پچڕاندن تێدا تاوان و قەدەغەبێت. ڕەزگرتن لەئاشتی و برایەتی و پلۆرالیەت و پێکەوە ژیان، ئەرك و یاسا بێت. لەبوردەیی و یەکترقبوڵ کردن و چەمکی هاووڵاتی بوون، بنەماو دەکترین و ئۆقیدەی فەرمی دەوڵەت و دەستوری وڵات بێت. دەوڵەتێک بێت بەواتای وشە باوەڕی بە مافکانی مرۆڤ هەبێت. ڕەز لە ئازادی و ماف و سەربەستی ژن.

هەڵبژاردنکانی تاك، ژیانی تایبەتی مرۆڤکان، بیروباوەڕی هەموان و هەموو جیاوازیکان بگرێت. دەوڵەتێک بێت، دژایەتی یەکسانی

جەندەری، دیموکراسیەت، سیکولاریزم و زانست و ئەقڵانیەت و تازەگەری نەکات..